# گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

فەرانسوا هۆتەر

# گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ


وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

ناوی کتێب: گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ
نووسینی: فەرانسوا هۆتەر
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: سەلیمە لبال
وەرگێڕانی بۆ کوردی: شێرزاد هەینی
هەڵەگری: بۆکان نووری
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٨٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم: هەولێر، ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٥١٤ی ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

پێڕست


گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ ..... 9
ئەوانەی هەرگیز لە یاد ناکرێن زۆرن ..... 10
ئەستونیا وڵاتی دارستانەکان ..... 13
ناکرێ قسە بۆ بێگانەکان بکرێت ..... 13
وەزیری تەمەن ژێر سی ساڵی ..... 14
وڵاتی زریان و دارستانەکان ..... 15
روبن هودێکی خۆماڵی ..... 15
لیتوانیا سنووری مێژوویێکە ..... 18
بیرەوەرییە کۆنەکان ..... 19
لەناو مۆزەکەدا ..... 21
دەروازەی بالتیک ..... 23
لە ناڤرای ئەستونیدا ..... 24
وارشۆ تاوەرە بەرزەکانی لە ناو خۆڵدا بەرزی دەکاتەوە ..... 28
لە نێوان وارشۆ و شیکاغۆدا ..... 29
فاکتەرەکانی سەرکەوتن ..... 30
دووبارە هەنگاریا لە بیر دەکرێتەوە ..... 33
وڵاتەکە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت ..... 35
ئۆتۆمۆبێلە کۆنەکانی هەنگارییەکان ..... 37
کۆشکی پاشا لە بەرلین نۆژەن دەکرێتەوە ..... 39
کۆماری شیکیا و ناپلیۆن ..... 43
شاری گۆڕستانەکان ..... 44

سۆفیا لە ژێر باندۆری رووسیا دەمینێتەوە ........ 47
شۆڕشی کۆشک ........ 48
کەژاوەی ئۆتۆمۆبێلە دژەگوللەکان ........ 49
میللەتێکی گوێڕایەڵ ........ 51
رۆمانیا و تەلەڤزیۆنی واقیعی ........ 53
شەقامەکە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست ........ 54
لیوبلیانا بەڕاستی شارێکی ئەوروپییە ........ 59
چۆن دەژیان؟ ........ 61
شێوازەکەی پوتین ........ 62



نەخشەی سەفەرەکە

# گەشتێک بەرەو ئەورووپای نوێ

١

پاش بیست ساڵ لە ڕووخانی دیوارە گەورە و درێژەکەی ناو شاری بەرلین، گەورە سەرنووسەری لوفیگارۆی فەرەنسی فەرەنسوا هۆتەر سەردانی وڵاتانی ئوردووگای کۆنە سۆسیالیستەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپای کردووە، سەرنج و رامانی سەفەرەکەی بە دە بەش بڵاو کردیتەوە کە باسی سەردانی ئەو دە وڵاتەی کردووە.

من کە لە ئاسیا لەگەڵ خەڵکی ئەو کیشوەرە دەبم هەموو جارێ من بەوە خەڵکەکەی دەورووژێنم و تووڕەیان دەکەم و پێیان دەڵێم کە ئێوە بەدڵنیاییەوە دەڵێن من هاووڵاتییەکی چینم، یان دەڵێن من ژاپۆنیم، یان کەسێکی کۆریاییم، هەرگیز ناڵێن ئێمە ئاسیاییین. من هەست دەکەم ژاپۆنییەکان هەست بەوە ناکەن لەگەڵ چینییەکان یان لەگەڵ نەتەوەی کۆرییەکان یەک بەرەبابن، ئینتیمای یەک خوێنی لە ناو خەڵکی ئەو کیشوەرەدا نابینم. من ئەوەش بەدیاردەیەکی نامۆ دەزانم.

پاشا و سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ نەتەوە و دەوڵەتەکانی هاوسێی خۆیان ناتوانن کۆنتاکتی گەرمیان لە نێواندا هەبێت، ئاسان نییە نێوان و بەربەستەکانی تۆکیۆ و پەکین و سیئول و هۆنگ کۆنگ ببەزێنیت، بەڵام بۆ ئەورووپاییەکان بوونەتە نیگا و دڵخواز کە بەبنەماڵەش لەگەڵ یەکتری تێکەڵ دەبن، وا دیارە کەوا جیناتەکانیان باش و زۆرگەرم تێکەڵ و ئاوێتە بووە، هۆکاری ئەوەش پاشان بۆمان روون دەبێتەوە.

پۆل ماکارتی وتوویەتی: زۆر بەخێرایی گەیشتمە دوێنی، دوێنی بۆ نەوەی

ئێمە سالآنی شێستەکانە، سالآنی شارل دیگۆل و پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی نێوان هەردوو ئوردووگای خۆرئاوا و خۆرهەلآت بوو، سەبارەت بەئەوروپایەکی هێـــمن و ئارام، ئەوەیان پرۆژەی هەمــــوومــــان بوو، بەلآم وای لێ هاتووە ئەوروپاش دەبێتە یەکێک لە موعجیزەکانمان، چونکە ئەوە هزر و بەرنامەیە هەتاهەتایێ سەروبن و گووم کرا، هەر ئوممیەت بوو ئێمەی بەرەو پاشەوە و دارِمان برد.

***

## ئەوانەی هەرگیز لە یاد ناکرێن زۆرن

هەموو لایەکمان ئەوە باش دەزانن کەوا ململانێی بەردەوام و ناکۆکییەکانی توندی نێوان فەرەنسا و ئەلْمانیا شارستانیەتی ئەوروپی دروست کردووە، لەبەر ئەو شەڕەی لەو ناوچەیەدا رووی دا ولآتەکانی کاول و خاپوور کرد، بۆیەش دەبووایە هەموو لایەکمان زانستییانە و بەردەوام کۆشش بکەین کەلاوەکان و زیانەکان چاک بکەینەوە، ولآتەکان نۆژەن بکەینەوە، بناغەکان دروست بکەینەوە، ئەوانەی بەشداری ئەو شەڕە نەگریسەیان کرد زۆر بیانوو و رەقیان مابوو تا ئەو رۆژگارە لە بیر بکرێت، چونکە ئەو شەڕانە ئەوروپای گێڕاوەتەوە سەدەکانی ناوەڕاستەوە. لەبەرئەوەی ئێمە لە خالّی سەرەتا و لە سفرەوە دەستمان پێ کردەوە و پشتمان بەنەخشەی جوگرافی یەکەمی ئەوروپاوە بەستابوو، ئەوەش بەرِێککەوت نەبووە کەوا هەر شەش ولآتەکەی دامەزرێنەری یەکێتی ئەوروپی لە ناو ئەو نەخشەیەدا بوونیان هەبووە، سنوورەکەش زۆر نزیکە لەو سنوورەی کاتی خۆی کە لەلایەن شارلمانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. ولآتە ئەوروپاییەکان لەسەر ئەو رێککەوتن کەوا ئەوروپا لەسەر ئەوە بەرنامەیەکی کۆمەلآیەتی بەخشندە دامەزرێنێتەوە و بەوەش بێزاری دروست ناکاتەوە و چەند دیکتاتۆرێ نوێ پەیدا نابێتەوە.

ویست و مەرامەکان مەزن بوون، لە دوا هەوالّ و زانیارییەکانەوە دەرکەوتووە کەوا ولآتانی ناو یەکێتی ئەوروپا ژمارەیان گەیشتووتە ٢٧

دەوڵەت، کە سەرژمێرییەکەیان دەگاتە نیو ملیار کەس، کۆی دەرخستەکانی دەکاتە کۆی هەردوو وڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین بەیەکەوە.

ئێمە زۆر فێربووین چۆن لەگەڵ ئەڵمانەکان و ئیتاڵییەکان و هۆڵندییەکان و دانمارکییەکان و فنلەندییەکان، لەگەڵ بەریتانییەکانیش بژین ئەو وڵاتەی کە هەمـــوو وڵاتانی ئەوروپی زۆر قـــەرزاربارى ئەوانە، ئەوانیش لە ترس و لە ئەنجامی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکان کەوتوونە ژێر ئەو بارەوە خـــۆیان داوەتە پەنای ولایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمـــەریکا، ئەو ئەوروپایەی سەردەمانێک زۆری بەجیهان بەخشیبوو، بەڵام لە کۆتاییدا توانی گرەوەکە بباتەوە.

لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٨٩دا پەیامنێرێکی لوفیگارۆ لە واشنتۆن لەگەڵ جۆرج بۆشی باوک و بەهاوشانی نزیکەی ٢٠٠ ژوورنالیست دەگەنە بودابست و فرسۆفیا. لە ناو گۆڕەپانی فوروسمارتی لە پایتەختی هەنگاریادا پیاوێک لە سەرۆکی ئەمەریکایی نزیک دەبێتەوە و پارچەدارێکی کاژی بەستراو بەپارچە تێلێکی دەداتێ، ئەوەش یەکەمین پارچە تێلبەندی بڕاوی دیوارە ئاسنینەکەی نێوان سنووری هەنگاریا و نەمسا بوو، کە پاش نەمانی دیوارەکە بۆ یادگار هەڵگیرابوو. ئەو شەوەی نزیکەی ٢٠ هەزار کەس لەو سنوورە بەرەو پەڕینەوە خۆرئاوا و دەربازیان بوون، وێنەگری ناودار لە رۆژنامەی لوفیگارۆ (جـۆن ئورمـسـون) بەگـەرمی و بەشەوقـەوە پرسـیـبـووی ئایا ئەو رووداوەی کـە لەو ساڵەدا رووی دا دەبێتە گەرمترین رووداوەی ئەو سەدەیە؟

بەو رووداوە و لەو رۆژانەدا هەموو مەسەلەکان لە ناکاو و زۆر بەخێرایی گۆڕان و جوگرافیا تۆڵەی خۆی لە مێژوو کردەوە، دووبارە ئەوروپا هەموو وڵاتەکانی بەیەکتری دەبەستێتەوە و دەبێتەوە یەکپارچە و دووبارە شوناسی خۆی دەدۆزێتەوە، هەر لەو ماوەیەدا بەشانازییەوە ئێمەی ئەوروپی یادی بیست ساڵەی یەکێتی ئەوروپامان کردەوە، دیارە ئەوەش کاری زۆر مەزنی دەوێت و دەبێت بەردەوام سەرقاڵی ئەوە بین تا برینەکان ساڕێژ بکەین و بەرنامەکان جێبەجێ بکەین. ناکرێ دەوڵەتەکان لەناو کاروباری رۆژانەدا تەنیا لە ناو

تیـمـەکـانی فـوتبـۆڵدا یەک بنەمـاڵە بن. دەوڵەتـە کە پرۆسـەی فـێربـوونی لەبن دەستداتە، دەوڵەتە مووچەی کارمەندەکان مانگانە دەدات، هەر ئەو قەوارەشە کە بڕیاری شەڕیش دەدات، ئەو دەزگایەشـە کە باج دەسـتێنێت و لە ناوەوە پارە کۆ دەکاتەوە، ئەوەشە دەسەڵاتی هەڵگرتنی باجەکانیشی هەیە، ئەوانیش دەتوانن بـەڕێگەی دروسـتی دادگاکـانەوە مـافـەکانی خـەڵکەکـە وەرگـرنەوە و خەڵک دەستدرێژییان نەکرێتە سـەر. دیارە کەوا دەوڵەت هەموو شتـەکانی لەبن دەسـتـدایە، بەڵام هاووڵاتیـیـان مـەزندە ناکـەن بـەچرێ و زۆر کـاریگـەرانە لە ئـەوروپادا بـەشـــدار بێت، چونکە لـەلای ئەوانـە ئەوروپا مـــەســـەلـەیەکی زۆر بایەخدار نییە و لە ڕۆژەڤی ئەواندا گرینگ نییە.

کـەواتـە پرسـیـارێکی هـەسـتـیـار دێتـە ئاراوە، ئەویش ئێـمـە چ بکەین تا خـوێنەرەکـانمان و هاووڵاتیـیـانی ئـەوروپی بایەخ بەکـیـشـوەرەکـەیان بدەن و دڵســۆزانە خــەمی لێ بخـۆن؟ بەکـورتی و بەســادەییــیـەوە دەڵێن دەکـرێ خوێنەرەکانمان دەبێ بـەبەرنامـەیەک بچینە ناو وردەکارییـەکان و لێکۆڵینەوە بکەن، ئێمـە بیـرۆکـەی دۆزینەوەی ئـامـۆزاکانم لـە خـۆرهـەڵات بەبیـردا هاتەوە و بیرم لەوە کردەوە سەردانیان بکەم، ئەوانە بدۆزمەوە و بەسەریان بکەمەوە و تا باش و تەندروستناسیـان بکەم. پێشنیـازی سـەفـەری ١١ وڵاتی ئەوروپاییم بەمـێـشکدا هـات، من خـۆم بەڕاســتی بێـجگە لە بۆچوون و رامـانی چەند کەسایەتییەکی ڕووناکبیر کە زووتر ئەوانەم بینیبوو، کە سەردانی ئەمیرەکانی هەنگاری و ڕۆمانیایان کردبوو، ئەو خۆرهەڵاتییانە لە نزیکەوە ئەوانیان دیبوو، منیش هەر ئەوەندەم دەزانی، ئەوەشم لە بەرچاودا ڕوون بوو.

٢

## ئەستونیا وڵاتی دارستانەکان

کـەواتە من دەکـەومـە نـاو گـۆمـێکی گـەورە و لەو ناوچـەیەدا نقـووم دەبم، تا لە نزیکەوە ئەو کۆمەڵگە ئاڵۆز و نوێیە بدۆزمـەوە، دەبووایە ڕێزی بەربەستەکانیش بزانم کـە سـەردانی ناوچەکـانی بـالتـیکم کـرد، بەرەو ئـەسـتـونیـا وڵاتی دارستـانەکان و چینەکانی نیشتنەوەی قوڕە ڕەشـەکان. بەرەو تالین پایتـەختی ئەستونیا بەڕێ کەوتم، لەوێ کیژە ئەکتەرێکی ناسراوی ئەستونیم بینی، (ئان) زۆرلایەنی وڵاتەکەی بۆ روون کردمـەوە، قسـەی باشی بۆ کردم. من لەگەڵ ئەو کیژە بەیەکەوە لە قاوەخـانەیەکی تالین بەیەکەوە داوای یەک شووشە شەرابمان کـرد، بەڵام سـەرەتـا ئەو بێـدەنگ بوو قـسـەی لە دەم دەرنەدەهات، بەبزەیەکی شـەرمنەوە وەڵامی پرسیـارەکـانی منی دەدایەوە و بەس مـن لەو هێمنییـەی ئەو بێتـاقـەت بووم، ئەو بەمنی وت، دەزانی ئەو پرسـیارانـەی تۆ کـاریگەریی لە من دەکـات. لە قـاوەخـانەکـە دەرچووین، لەوێیـەوە ئـامـاژەی بە شـوقـەیەک لە ناو تاوەرەکەی پێشمـان کرد و وتی، ئەوەیان ماڵی جەلادەکەیە. لەوێ هـەسـتم کرد وشەدەربڕین لێرە و قسەکردن ترسناکە و باجی لەسەرە.

***

## ناکرێ قسە بۆ بێگانەکان بکرێت

وڵاتی ئەسـتونیا کە بەشێک بووە لە کۆمارەکانی ناو یەکێتی سۆڤیـەتی جاران وەک ئەڵمـانیـای خـۆرهـەڵات نەبووە، بگرە ئەو وڵاتە دەڤـەر و گـەڕەکـێکی زۆر قـەدەغـەکـراو و داخـراو بووە بەڕووی بێگانە، کـەس بۆی نەبوو پـێ لەو وڵاتە

بنێت، چونکە بەنهێنی لە یەکێک لە دوورگەکانیدا غەواسی ئۆتۆمی سوپای سووری سۆڤیەتی لێ بووە. بەڵام ئیمڕۆ ئەستونیا بوویتە سویسرای باکوری مەزن، من ئەو وڵاتەم بینی زۆر سەرسام بووم کە چۆن بەو بیست ساڵە ئەو ئەوەندە گەشەی کردووە، چۆن وا بەخێرایی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو وڵاتەی ئێستا سەرژمێرییەکەی دەگاتە یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس، ئەوانیش وەک هۆڵندییەکان پێوەندیی تۆڕی ئەنتەرنێتیان هەیە، لەو وڵاتەدا سکایب دۆزراوەتەوە و تەلەفۆنی سەدەی بیست و یەک دۆزراوەتەوە، سەیرە ئەوانە چۆن بەخێرایی کراوە؟! بوونی پێوەندییەکانی ئەنتەرنێت کە بەشێکە لە ماف و پێداویستییەکانی هەموو کەس، لەو کاتەی هاتوونەتە ناو یەکێتی ئەوروپی بوویتە خاوەن ئەو مافە ڕەوایە.

***

## وەزیری تەمەن ژێر سی ساڵی

کە ئەستونیا لە ناو تونێلە تاریکەکەی یەکێتی سۆڤیەت دەربازی بووە لە ماوەیەکی کورتی ڕێژەییدا گەشەی کردووە و هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، ژنێکم بەناوی (مارجو لوریستین) ناسی کە مامۆستای زانستە سیاسییەکان بوو لە زانکۆی تارتو کە لە گەورەییدا دووەم شاری ئەستونیایە، ئەو وتی:

ئەستونییەکان ئامادەییان هەبوو لە دووری سێبەری یەکێتی سۆڤیەتدا بژین، زۆریش پەرۆشی ئەو ڕۆژە بوون، زۆر پێکەنینم بەوە هات کە ئەو ژنە مامۆستایە زانکۆییە وتی، من دوو خوێندکاری گەنجی خۆم هێشتا تەمەنیان لەژێر سی ساڵیدا بوون و پۆستی وەزارەتیان وەرگرتووە، یەکەمیان کراوە بەوەزیری بەرگری، دووەمیشیان پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بەرکەوتبوو، لە ساڵی ١٩٩٢ داوایان لە منیش کردبوو پۆستی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەگرم.

***

## وڵاتی زریان و دارستانەکان

لەبەر چڕی دارستانەکان کە ڕێبوارەکان لەو وڵاتە بەزریانەدا دەڕوات قاچەکانیان ناکەوێتە سەر ئەرز، لەو وڵاتەدا خانووەکان هەموو لە دار دروست کراوە، سرووشتەکەشی زێدە جوانە، ئەوەش گوندەکانی ژاپۆنم بەبیر دەهێنێتەوە، سەربانی خانووەکانیان بەبۆیەی سوور و کەسک بۆیە کراون، دیوارەکانی بەرەنگی پەمبە و زەرد بۆیە کراون، ئەوەش بەپێچەوانەی سویدییەکانە کە زۆر شەیدای ڕەنگی سپیین، هەمووش لەبەرئەوەیە لە سەرچاوەی وزە زۆر لاواز و هەژارن، پیاوەکانی ئەو وڵاتە کەسی بەهێز و بەتاقەتن، ژنەکانیشیان باڵابەرز و زراڤن، سەبارەت بەئاکاری ژنەکانیان بەجوانی دەناسرێنەوە، ئەگەرچی قژزەردن بەڵام زۆر سەرەنجڕاکێش نین، ژنەکان ڕەوشتبەرزن، کەسیش بۆی نییە لەوان نزیک ببێتەوە و دەستدرێژییان بکاتە سەر.

***

## ڕوبن هودێکی خۆماڵی

هەرسێ وڵاتەکەی بالتیک ئەستونیای باکور و لیتوانیا و لاتڤیای سەرسنووری پۆڵۆنیا ببینێت دەزانێت ئەوانە یەک پشکە هاوبەشیان هەیە، ئەویش پێوەندییە پتەوەکەی نێوان پیاوەکانە لەگەڵ سروشتەکەیان. من کە وتارێکم لە هەفتەنامەی بالیتک نیوز خوێندەوە کە تێدا نووسرابوو پۆلیس بەپەرۆشەوە لە رۆبن هودێکی ناو خۆماندا دەگەڕێت، کە خۆماڵییە و تاوانبارێشە بەئەنجامدانی چەندین تاوانی گەورە و قێزەوەن.

سەرکردەی کۆمپانیاکە گلەیی هەبوو کە وتی: دەزانی مەسەلەکە زۆر نامۆیە، مانگ دەگاتە چواردە و وەک هیچ ڕووی نەدابێت، ئەگەرچی زۆر زانیاریمان لەوە دەگاتە دەست، کەوا مانگ تەواو بووە و بەروونی دیارە، بەڵام تا ئەو سەعاتەش هیچ ڕووی نەداوە و هیچیان لەدەست نەهاتووە.

لەو ناوچانەدا سروشت رۆڵێکی جەوهەری لە ژیانی پیاوەکاندا هەبووە و ئەو رۆڵەش هەرماوە. من بەرەو ماڵەکەی نووسەرەکە (جان کابلینسکی) رۆیشتم ئەو کاتی بۆ سەردانەکەی من دانابوو، دەبووایە بگەمە ئەو شوێنەی کە تەنیا بیست کیلۆمەتر لە جەرگەی شارەکە دووربوو، رێگەکەش قیرتاو بوو. سەعات سێی پاشنیوەڕۆ گەیشتمە شوێنەکە، من وام دەزانی کاتم زۆر لە پێشە، بەڵام لە ناکاو بینم مانگ بەئاسمانەوەیە، کە مانگ جوان دەرکەوت گەیشتمە شوێنەکە بینیم ماڵەکە چۆڵە. کە لە ماڵەکە چوومە ژوورەوە هیچی وا گرینگم لەو ماڵەدا نەبینی، تەنیا دۆلابێک و خەزنەیەک و سیسەم و سۆبا و مێزێک و هەندێ کتێب، لەوانە کتێبەکەی تۆلستۆی (یاسای ئەڤین و یاسای توندوتیژی) بەکراوەیی دانرابوو. کە خاوەن ماڵەکە لە مەتبەخەکەدا بوو من ئەو چەند دێرەم خوێندەوە:

دەبێ ئێمە و هەموو کەسێک ئەوە باش بزانێت کەوا کەس مافی ئەوەی نییە ژیانی خەڵکەکە و کەسانی تر رێک بخات، دەبێ ئەوانە رۆژانە و کاروباری ژیانی خۆیان لەبەر رۆشناییەکان و رێنوێنییە ئاینە بەرزەکان ساز بکەن و بەوەش پەروەردەبن، ئەگەر تۆ کەسێکی قازی یان یاسادانەر یان موڵکدار یان کرێکار یان کەسێکی لانەوازی دەربەدەریش بیت، خۆت رامانی ڕوحی خۆت بە و بەس.

لە هەموو شوێنێکی ئەو وڵاتە ژان و چەرمەسەری هەیە، جان باسی باوکە پۆڵۆنییەکەی خۆی بۆ کردم کەوا لە گرتووخانە ئەڵمانیاییەکانی پۆلۆنیا گیانی لەدەست داوە، باپیریشی لە ماڵەکەی خۆیدا بەدەستی سوپای سۆڤیەتییەکان کوژراوە، ئەو سەردەمی منداڵیی خۆی دەگێڕایەوە و خەونی بەوە دەبینی لە گوندێکدا خانوو و ماڵێکی هەبێت.

جان بۆ منی دەگێڕایەوە کەوا زمانی ئەستونی کەمێک لە باسەکانەوە نزیکە، لە نێوان هەر سێ نەتەوە و وڵاتانی ئەستونیا و لیتوانیا و لاتڤیا هیچ پشکی هاوبەش لە نێوان کولتوورەکانیاندا نییە، هۆکاری سەرەکیش لەو دوورکەوتنەوەیە داگیرکارانی ئەڵمان و سۆڤیەتییەکان بوون. لە ناو

بازاڕەکانی تالینی پایتەختدا پەیکەری تاشراوی گچکەی هیتلەر بۆ فرۆشتن لە تەنیشت پەیکەری ستالین دانراوە، هەر بۆ فرۆشتن جلی سەربازی سوپای سووری سۆڤییەتی و جلی سوپای ئەڵمانیش نمایش کراوە و خەڵکەکە بۆ یادگاری دەیکڕن. من زۆر سەرسام بووم تووشی شۆک هاتم، کە بینیم هێشتا ستالین لە ناو هزری خەڵکەکەدا بوونی ماوە و ئامادەیە، بەڵام وەک کەسێکی زۆردار، ئەویش بەڕاستی کەسێکی زۆردار بووە و زۆردارییەکەشی لە هیتلەر کەمتر نەبووە.

***

٣

# لیتوانیا سنووری مێژووییکە

لە شاری ریگا هێشتا شوێنەوار و دێوەزمەی جەنگی جیهانی دووەم لەسەر سینگی خەڵکەکە ماوە، رابردووی شەڕە ترسناکەکە لە ناخی خەڵکەکە ڕەگی داکوتاوە. هونەرمەندی لیتوانی ئەنتاناس بوزوسکاس کە باس لە مێژووی ئەو وڵاتانەی بالتیک دەکات، دەبێژێت:

سەر ئاوی رووبار قوڕ و لیتەی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام کە رووبارەکە ماوەیەک دەڕوات و کەمێک چاوەڕوان دەبێت ئاوەکە روون دەبێتەوە و پیساییەکان نامینێت. کە من گەیشتمە ریگای پایتەختی لیتوانیا و لەو قۆناغەدا لە ناو گێژاوەکانی مێژوو قوڕگم دەگیرا و زۆری نەمابوو بخنکێم، دیمانەم لەگەڵ چەند کارمەندێکی ئەکادیمیای زانستەکان بوو، کە لەگەڵ چەند کاتدرائییەک لە ناو بینایەکی گەورەدایە، دیوارەکەیان بەڕەنگی کەسک بۆیە کردووە، ئەو سورەیانەی لە ناوەندیساڵۆنەکە شۆڕبوونەتەوە ئەوەیان پێوە دیارە کەوا لە سالانی شێستەکانەوە بەستراون. لەو دانیشتنەدا هەستم بەکامەرانی دەکرد، کافتیریایەکە خۆشی پێوە دیاربوو، کیژە سێرڤێسەکان پانتۆڵیان لە پێ دابوو کە شێوەی دوورینی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رووسیایان پێوە دیاربوو، یەکێک لە هونەرکارەکانم بینی عارەبانەیەکی پڕ لە پەتاتەی پاڵ دەدا، هەر لەسەر ئەو عەرەبانەیەدا پۆستی رۆژانەی ئەکادیمیەکانیشی لەسەربوو، دانیشتووەکان سەرقاڵی فڕکردنی شۆرباکە بوون، کە تێدا پشکە گۆشتی نەرمکی قیمەکراو لە ناویدا مەلەی دەکرد. لێرە خەڵکەکە هەموو شتێک دەخۆن، ئەو پارچە گەلا سەوزانەی تەنیشت دەفرەکەش دەرازێنێتەوە ئەوەش دەخۆن، پارچە لیمۆکانیش تەواو دەکەن.

لە ناو شەقامەکانی شاری ریگا و لە شەوەکاندا هێشتا شیوعیەت هەرماوە، لە ئاکاری خەڵکەکەدا خەم و ماندووبوونم دەبینی، ئەوان روویان کراوە نییە، تاکسییەکان بۆ پەیداکردنی نەفەر و رۆیشتنیان زۆر بەپەلەن. لە گوندەکانیاندا سێ سەد کۆشکی نازدارم بینی کە هێشتا شوێنەواری سوارە کۆنەکانیان پێوە دیارە، کە ماوەی هەشت سەدە حوکمی ئەو دەڤەرەیان کردبوو، بەڵام لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی هەموو سامانەکانیان لەدەست دابوو، ناو و دەسەڵاتەکانیان نەمابوو. لە ناو کەلاوەکاندا بۆنی ئەوە دەهات کەوا لیتوانیا لە سەدەی بیستەمدا نیوەی دانیشتووانی بوونەتە قوربانی کارەساتەکە و شەڕە دژوارەکانی ناوچەکە. دە سەدە سویدییەکان و ئەڵمانەکان و رووسەکان ناوچەکەیان داگیر کردبوو، دانیشتووانەکەیان لەو داگیرکردنانەدا فەوتاندبوو، ئەو کوشتارانەش لە ماوەی سەد ساڵدا دوو جار رووی داوە و مەرگەسات دووچاری ئەو میللەتە هاتووە، لە دوای ئەوانەدا هەردوو وەحشی مەزن هیتلەر و ستالینیش خوێنی لیتوانیەکانیان زۆر هۆڤیانە رشتووە، کوشتاری وایان کردووە لە مێژوودا کەم وێنە بووە.

***

## بیرەوەرییە کۆنەکان

لەو رۆژگارەدا خەڵکی ئەوروپا کەم باس لە رۆژە رەشەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەکەن، بەڵام وا لێرە زەمەن گەڕاوەتەوە پاشەوە، لە ریگا جۆرێکی ترە، پیاوێک تەمەنی لە چلەکاندا بوو، ئەو وتی:

دایکی ئێمەیان دەکوشت، زۆریان دیار نەدەمان، ژنەکانمان بێ سەروشوێن دەکران، ئێمە بۆمان ناکرێت ئەو کارەساتە و زوڵمە گەورانە لە بیر بکەین، وا دەزانین دوێنی بوو ئەو تاوانانە لەو ناوچەیەدا رووی دا. ئەو رووداوانە دووبارە سەردەمی تاکڕەوی سەرۆکەکانمان بەبیر هێنایەوە، ئەوانەی بەهێز میللەتەکانیان دەستەمۆ کردبوو، چاودێری کەسە زیرەکەکانیان بەوردی دەکرد، هەموویان کردبوونە رۆبۆرت و کویلە، سەردەمی پیرۆزکردن و

نەمرکردنی سەرۆکەکان مێژوویەکی رەش بوون، لێرە باسکردنی هەرماوە.

لە پێش ١٥ ساڵ دواسەربازی سوپای سوور لەو وڵاتەدا دەرچووە، کۆنە بارەگەی وەکالەتی ئیستخباراتەکە کە دەکەوێتە سێرِیانی نێوان شەقامی بریڤیباس (ئازادی) و شەقامی ستابو (ناوی ئەو دارەیە کە کەسی تۆمەتباریان پێ ئەشکەنجەداوە و پاشان سووتاندویانە)، هێشتا چۆڵە و کەس ناخوازێت بچێتە ناوی و ئاوەدانی بکاتەوە.

من سەردانی ئەشکەوتە تاریکەکانی گرتووخانەکانم کرد، شوێنەکانی ئازاردانەکانم بینی، کە رۆژانە بەردەوام ٢٥ کەسیان لەوێ لەسێدارە داوە، ئەوەی رەوانەی ئەو گرتووخانە شوومانە کرابووایە یان دەکوژران یان رەوانەی ئوردووگاکانی کاریان دەکردن، لەوێشەوە گەرِانەوەیان نەبووە. ئەگەرچی ئەو دیاردانە لە لیتوانیا بۆ یەکجاری نەماوە، بەڵام لە ناو هزر و دڵ و دەروونی لیتوانییەکاندا ماوە و گەردەنی دەیان ملیۆن کەسی لە ئەوروپای ناوەرِاست گرتووە و بەئاسانی بەرنابێت.

ئێمە لە فەرەنسا ئەوانەم دەبیست، لە ناو کتێبەکاندا دەمانخوێندەوە و زۆریش سۆزداریان دەبووین، دەمانزانی چ لەو ئوردووگایانەی کارکردنی زۆرەملێ روویان داوە، بەتایبەتی لە کتێبی نووسەری رووسی سولجینیتسین، بەڵام ئەو ترس و ئازارە هیچ رۆژێک لە ژیانی ئێمە و لە رۆژگاری میللەتەکەماندا بوونی نەبووە، وەک ئەوەی لە ناو دانیشتووانانی وڵاتانی وەک ئەستونیا و لاتڤیا و لیتوانیادا هەبووە. من لەو گەشتەمدا برِینی نێوانەکانی مێژوویی ناوچەیەک و لەگەڵ سەردەمێک و ناوچەیەکی تر زۆر بەزەحمەتم دەزانی، زۆریش ئازاریان پێ داوم. مەسەلەکە بۆ ئێمە بەرِاستی بەربەستێکی مەزنە، تا ئەودەمانەش مێژوو و رووداوەکان لە لیتوانیا بوونی ماوە و ئامادەیی هەیە، چونکە ئەو ئازارە لەو ناوچەیەدا لەسەر زاری گەورە و گچکەکانە، مناڵەکان و لاوەکان هەستی پێ دەکەن، هەموو کەسێک رووداوەکان بە بینینی خۆی دەبینێتەوە و دووبارە دایان دەرِێژێتەوە.

***

## لەناو مۆزەكەدا

لە ناو مۆزەی مێژوویی ریگا کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شارەکە، چیرۆک و بەسەرهاتی درێژی داخراو و گلینگلدان دەبینرێت، ئەوەش لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٩١ روویان داوە، ئەو مۆزەیەدا مێژووی سێ قۆناخی کۆلۆنیلی دەگێڕێتەوە، کە یەکەمیان لەسەر دەست و فەرمانی سوپای سووری سەر بەستالین کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٤١ روویان داوە، لەو ساڵەدا کە هیتلەر وڵاتی فەڕەنسای داگیر کردووە و پەیڤەکەی خۆی گەیاندووتە جێ کە دەیوت (نەمانی پیاو، نەمانی کێشەکانە)، ستالین بەسوپاوە بەرەو وڵاتانی بالتیک هاتووە. پاش ئەوەی دەستەیەک لە خەڵکە بەجەرگەکەی کوشتووە، پازدە هەزار و نیو هاووڵاتیی لاتیڤی و یازدە هەزار ئەستونی و بیست و یەک هەزار لیتوانی لە رۆژی ١٤ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٤١ دەربەدەر کردووە، لەوانە تەنیا ژمارەیەکی کەمیان گەڕاونەتەوەماڵەکانیان و ژمارە زۆرەکەش فەوتاون.

هیتلەر لە رۆژی ٢٢ ی مانگی یونیۆ بڕیاری هێرشەکەی سەر رووسیا دەدات، لە ریگا لیتوانییەکان بەپێشوازی گەرم و بەسوپای رزگارکەر نازییەکانیان وەرگرتووە، هیوایان زۆربوو وڵاتەکەیان بۆ رزگار بکات و سەربەخۆیی وەرگرن، بەڵام ئەو خۆشی و کامەرانییە بەو رەوشە نوێیە زۆری نەخایاندووە کەوا ناوچەکەی ئەوانیش کەوتووەتە بەر دەسەڵاتی نازییەکان و وێرانەکانیش لەگەڵ ناوچەکانی تری ئەوروپا ئەوانیشی گرتووەتەوە. پاش یەک مانگ لە کۆبوونەوەکەی (وانسی) سوپای نازی دەستی کردووە بەقڕکردنی جوولەکەکان، زۆر لە لیتوانییەکان شاهیدی ئەو کارەساتە بوون و یارمەتی سوپای نازییەکانیان لەو کردەوەیە داوە، لەوانە ڤیکتۆرس ئاراجس دەگێڕێتەوە کەوا لە کوشتنی ٧٠ هەزار جوولەکەی لیتوانی ئامادە و ئاگەداربووە. ئەڵمانییەکان بەزۆر و بەپرۆسەیەکی ناڕەوا ١١٥ هەزار گەنجی لیتوانیان کردووەتە سەرباز لە سوپاکەیاندا، دیارە پێشتریش ١٠٠ هەزار گەنجیان

راپێچی سوپای سووریش کرابوو، بەژماردنێکی سادە دەکرێ بڵێین ڕێژەی ٣٠٪ خەڵکی لیتوانی لە ساڵی ١٩٤٥ کوژراون. کەشەرەکە کۆتایی هاتووە ئەوروپاییەکان لە هەموو وڵاتەکەیان ئاهەنگیان گێڕاوە و بەکۆتاییی شەڕەکان دڵیان خۆش بووە، بەڵام لە لیتوانیا ستالین و سۆڤیەت کە دووبارە ریگا دەگرێتەوە و تێدا ٤٢ هەزار کەسی لیتوانی لە زێدی خۆیان دەگوازێتەوە زۆر شوێنی تر.

***

٤

## دەروازەی بالتیک

داگیرکردنی ئەو وڵاتە ٤٤ ساڵی خایاندووە، ئەوەی وەک یادگاریش لە بیر هاوڕێیەکەم ماوەتەوە زۆرە ئەو وتی:

کە هاووڵاتییە لیتوانییەکانیان لە کاروانەکە شوومەکەدا گواستووەتەوە، لە جیاتی ئەوان هاووڵاتیی رووسیان بۆ هێناوین، چونکە لیتوانیاش وەک وڵاتانی تری بالتیک دەروازەی رووسیا بووە بەرەو خۆرئاوا. شانسەکەم وەک وا رێککەوت پاش ١٨ ساڵ لەوەی سۆڤیەتییەکان دانیان بەسەربەخۆیی ئەو وڵاتانە لە ساڵی ١٩٩١ داناوە من سەردانی ئەوێندەرێم کردووە، ئێستاش رێژەی ٣٥ ٪ خەڵکی لیتوانیا بەزمانی رووسی قسە دەکەن، لەوانە رێژەی ٦٥٪ دانیشتووانی ریگای پایتەخت بەرووسی قسە دەکەن. لەو دەڤەرەدا دوو کولتوور و دوو مێژوو بەیەکەوە هاوشانن و لەنگەر دەکەن، ئەوە سەبارەت بەرووسەکان، بەڵام ئەوان نازییەکان بەوەحش دەناسن، ئەو لیتوانیانەی کە بەڕەچەڵەک ئەڵمانن دەڵێن ناکرێ نازییەت لەگەڵ وەحشیەتی سۆڤیەتییەکان بەراورد بکرێت، بەڵام دەرئەنجام مەسەلەی شوناس لەلای لیتوانییەکان بابەتی یەکەمە و ئەوان بەمەسەلەیەکی هەستیاری دەزانن.

***

دڵ لێدان بەرەو رووسیا لەو وڵاتە بەرەو لاوازی دەچوو، بەڵام هەردوو رەوەند و هاووڵاتی وا دەرگەکانیان بەرەو یەکتری دەکەنەوە و نزیک دەبنەوە، دیارە ئەوروپا رۆڵی لەو مەسەلەیەدا زۆر هەبووە، ئەو وڵاتانەی مەبەست و کارنامەی هاتنە ناو یەکێتی ئەوروپایان هەبوو، یەکێتی ئەوروپی ناچاری کردبوون

دیالۆگ بکەن، لە یەکتری نزیک بکەونەوە و ئەوەشی کردبوو مەرج بۆ هاتنەوە ناو یەکێتییەکە، بەتایبەتی کە لیتوانییەکان پاسپۆرتیان بەو لیتوانیانەی بەزمانی رووسی قسە دەکەن بەرەوا زانیوە، بۆ ئەوانەی سەرلەنوێ بیرۆکەی بەیەکەوە ژیان و بەیەکەوە هەڵبوونیان لە ناو کۆمەڵگەی لیتوانی پەسەند بوو.

***

## لە ناڤرای ئەستونیدا

من بەرەو ناڤرا کە بوویتە خاڵی بەیەکگەیشتنی یەکێتی ئەوروپی و رووسیا دەناسرێت بەرێ کەوتم، ئەستونیا ئەو وڵاتەی ماوەیەکی زۆر لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتییەوە داگیر کرابوو، وا دەردەکەوێت پاش ٢٠ لەکۆتاییی شەڕەساردەکە ئەو وڵاتە بەخۆراگری ماوەتەوە. باپیرم لە کۆتاییی سییەکانی سەدەی رابردوودا لە ناو رووباری ئەلراین مەلەی دەکرد، لەگەڵ باسکە مەلەکانیدا دەپەڕییەوە ئەو بەری کەنارەکە، واتە دەگەیشتنە ناو ئەڵمانیا، گەنجەکانی ئەودەمە هێڵی سیگفریدیان بەرووی هێڵی ماجینۆ دانابوو. ئیمڕۆش هەمان دیمەن و رووداو لێرە لەسەر رووبارەکەی ناڤرا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام وا دیارە وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست بەیەکجاری پشتیان لە رووسیا کردووە، بەڵام ئەو ناوچە و هەرێمانە دەکەوێتە نێوان ئەو وڵاتانە هەموو شتەکانیان جیا نەکردیتەوە. ئەوەش لەلایەن ئەو ژوورنالیستانەی سەردانی ئەو دەڤەرانە دەکەن باش هەست بەوە دەکەن، دیارە کەوا ئەوان بەرامبەر هێزێکی گەورە و زەبەلاحن. بۆ نموونە هیندییە چینییەکان دەکەونە نێوان ئاسیای ئەسمەر و ئاسیای زەرد، ئەو ناوچانەی کەهەموو لایەک چاویان تێی بڕیبوو.

لە ناو وڵاتانی ئەمەریکایی ناوەڕاست و لە کاریبیش ئەو مەسەلەیە هەیە، بۆ نموونە هەموو لایەک چاویان لە وڵاتە گچکەکانی وەک پەنەما و کوبا دانابوو، هەمان مەسەلەش لەوڵاتانی مەغریب ئەوە هەبوو کە خۆرئاوا داگیری کردبوون، هەروەها لە ئاسیای ناوەڕاستیش ئەوە بوونی هەبووە، رووسیا و

چین نایەوێ ئەمەریکا بێزار و تووڕە بکەن، بۆیەش کار دەکەن تا ئەمەریکا ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئەفغانستان بمێنێتەوە. نەتەوەکان باش لێ راهاتوون و فێربوون چۆن لە نێوان وڵاتاندا بژین و زیندوو بمێنێنەوە، یان چۆن دەتوانن ململانێیەکان و قەیرانەکان ببەزێن و لە ناو کێشە جیوسیاسییەکاندا دەربازیان ببێت. دیارە کەوا میللەتانی وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست دەکەونە نێوان ناوچەیەک کە کولتوورەکەیان دابەشی دوو کولتوور بووە، ئەو وڵاتانەی بالتیک ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان بەسەردا هاتووە، تا رادەیەک زۆریان نەمابوو لەسەر نەخشەش ڕەشیان بکەنەوە، بەڵام خۆڕاگری میللەتەکان و کۆششی بەردەوامیان بۆ مان و ژیان و سووربوونیان لەسەر بەکارهێنانی و خۆشەویستی زمانەکەیان ئەو میللەتانەی هێشتووەتەوە.

***

شاری ناڤرا شتێکی ترە، ئەو شوێنە خاڵێکی بەیەکگەیشتنە لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و رووسیا، کە سێیەمین شاری ئەستونیایە و سەرژمێرییەکەی ٦٥ هەزار کەسە. لە ساڵی ١٩٤٥دا لە شەڕێکی دژواری نێوان سۆڤیەتییەکان و نازییەکاندا ٩٨٪ خەڵکەکەی کوژراون، پاش ئەو شەڕە شارەکە دەبێتە کۆلۆنێلێکی سۆڤیەتی. ئەستونییەکان تا ساڵی ١٩٩١ مافی هاونیشتیمانییان نەبووە، بەڵام پاش سەربەخۆییەکە ئەو مافەیان پێ ڕەوا بینراوە. دانیشتووانی ئەوشارە ٩٥٪ رووسی قسە دەکەین، کە هەموو قوتابخانەکان بەو زمانە دەخوێنن، هاوشانی ئەو زمانەش زمانی ئەستونیش لە پەروەردە بەکار دێت و زمانی فەرمی حکوومەتیشە. ناڤرا شارێکی گرینگە و لەبەرئەوەی ماوەیەک شارێکی سۆڤیەتی بووە بۆیە چیرۆکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو شارە لە ناکاویش دەبێتە شارێکی ئەوروپای خۆرئاوا، بۆیەش بەئاسانی ناتوانێت لەگەڵ ئەو رەوشە نوێیە بگونجێت، بەڵام لەو قاڵبەدا زۆری خۆی پێ ڕاناگیرێت، بەمردنی ئاسانیش گیان دەدات. ئەگەرچی ئەوان بوونەتە وڵاتێکی ئەوروپایی و بەئاسانی لە ناو وڵاتە ئەوروپییەکاندا دەسووڕێنەوە، بەڵام دیارە کەوا ئەستونییەکان ناتوانن لەگەڵ کولتووری خەڵکەکە ئاوێتەبن و

ڕەفــزی سـلبــیـــیـــان بۆ گـــۆڕان هـەیە، بـەوەش زۆرتر دوورەپـەرێز دەژین، لە ناوچەکانی سـەر کەنارەکانی رووبارەکە گوندی رووسەکان بوونیان هـەیە، ئەو گوندانەش رەوشی ئابوورییان خراپە و هەژارییان پێوە دیارە.

پارێزگـاری مـۆزەکـە غـالینا سـمـیـر نوفـای کـە ژنێکی رووس بـوو و لە مۆسکۆش خوێندویەتی، ئەو وتوویەتی:

ئەسـتـونیا هیچ بۆ ئێـمـە ناکات و شـارەکـە بەردەوام سـەرژمـێرییـەکەی لە کەمی دەدات و خـەڵکەکەی باردەکەن، چونکە کـارگـەکان زۆریـان دادەخرێن، گـەنجـەکـانیـان بەرەو بەریتـانیـا و ئەڵمـانیـا و فـەڕەنسا دەڕۆن و دەچنە ئەو وڵاتانەی جاران لە جەمسەری سۆڤیەتدا نەبوون. ئەو ژنە دەیوت گەنجەکانمان تا دوورنەکەونەوە و نەکەونە غەریبی بیر لە ئەسـتونیا و وڵاتەکەیان ناکەنەوە. زۆرم لەلا سـەیربوو ئەو دەیـوت ئێـمـە دوورەپەرێز بژین باشـتـرە نەک لە خۆرئاواییـیەکان نزیک بکەوینەوە. بەڵام من بەژنەکەی مـۆزەکەم وت، شـاری ئیڤاگورودی رووسی بەرامـبەر ناڤرا خـەڵکەکەی دەسـتـیان کورتە و هـەژارن، هـەمـوویان بەرەو وڵاتانی خـۆرئاوا دەڕۆن و کـۆچ دەکـەن ئەگـەر باڤـرا سنوورەکـەیان بۆ واڵا بکاتـەوە و بواری دەربازبـوونیـان بۆ بسـازێت، ئەو لە وەڵامدا وتی:

راسـتـە هـەمـوو خـەڵکی مـۆسکۆ و سـانت پیـتـرسـبـۆرگ و شـارەکـانی تری رووسی گوزەرانیان خراپە و هـەژارن. بەڵام ئەو بەو قسانەی من ناڕەحەت بوو، بۆیەش کە لە یەکتری دابڕاین هەستم کرد ساردبوو.

مـامـۆسـتـاکـانی زانکۆ و رووناکـبـیـرەکـان کـە من لە وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاستی دیمانەم کردبوون دەیانوت، زەنگی مەترسی هـەژاری لە رووسیا لێ دەدات، راوێژکـاری ئەڵمـانی هیلمـوت شـمـیـد سـەبارەت بەرووسـیـا دەیوت رووسیا تەنیا ڤۆلتاو بۆمبا نییە. بەڵام خـەڵکی ئەو کۆمارانەی بالتیک دەڵێن رووسـیا بۆشـاییـەکی گەورەیە و بەس. پروفیسـۆر جان فینیکی لە فرسـوفیا وتی: مـن وا دەزانم مـیللـەتی رووسی خـراپ دەرووخـێن، بەرێژەی ٨ تا ٩٪ لە ساڵی ٢٠٠٩ ئابوورییەکەیان کەم دەکاتەوە، بێجگە لە پیشەسازی سەربازی و

سامانە سرووشتییەکان هیچی تریان نییە. مارگو لوریستین مامۆستا لە زانکۆی تارتو دەیوت: رووسیا لە جیهانی سێیەمیشدا نییە، بگرە لە جیهانی چوارەمدایە.

پرسیارێک بوویتە مەبەستی رۆژەڤ و زۆر ئاراستە دەکرێت ئەویش ئەوەیە، رەنگە چین لەو بیست ساڵەی داهاتوودا هێز و وزەکەیان پێ دەگات، هەستیش ناکریت لەودەمانەدا ئەوروپا هیچ گۆڕان یان هەژانێکی شیاو و باشی لێ رەچاو بکرێت، دەبێ دوارۆژی رووسیای دەوڵەمەند بەسامانە سروشتییەکان لەگەڵ ئێمە و چینییەکان بگاتە کێندەرێ؟ بەڵام ئەو رووسیایە زۆرتر بەسەدەکانی ناوەڕاست دەبەستریتەوە و ساڵانە دانیشتووانەکان و میللەتەکانی کەم دەبیتەوە.

***

٥

## وارشۆ تاوەرە بەرزەکانی لە ناو خۆڵدا بەرزی دەکاتەوە

لە ناو تاوەرە شووشەییەکەی و لە نهۆمی بیست و چوارەمیندا لەگەڵ ماسیج فیتوکی ژوانم هەبوو، ئەو تەمەنی تەنیا چل و دوو ساڵ بوو، بەڵام ئەو بەڕێوەبەری دامەزراوێکی گرینگی پۆڵۆنی بوو، ئەویش دەزگای تیلیکۆ مونیکاتا پۆلسکا بۆ پێوەندییەکان، کە یەکێکە لە لقەکانی فرانس تیلیکۆم. ماسیج لەگەڵ دەزگاکەی کە پێک هاتبوو لە ٢٤ هەزار کارمەند توانیبووی سەرمایەی چوار ملیار و نیو یۆرۆ پەیدا بکات، کە من گەیشتم ئەو تازە لە کۆبوونەوەی بەسەندیکای کۆمپانیاکەی تەواو دەکرد، کە بریتی بوون لە ١٨ سەندیکا، دیارە ئەو جۆرە کۆبوونەوەیە لەگەڵ ئەو سەندیکایانە خاوەنکارەکان دڵشاد و ئارام ناکات، بۆیە من لە خانەخوێیەکەم پرسی:

هەموو مەسەلەکانی ناو کۆبونەوەکەت بەباشی بەڕێوە دەچوون، بەدڵت بوو؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

بەڵێ کۆبوونەوەکە باش بوو، ئەوان لە دەستپێکی کۆبوونەوەکە وتیان سەندیکاکانی سەر بەفرانس تیلیکۆم لە سەرۆکەکەیان بەڕێوەبەرە گشتییەکە یەک ملیار یۆرۆیان وەرگرتووە، بۆیەش بەبیستنی ئەو هەواڵە لە ناو کرێکارەکاندا هەبوو شێت بووە، یان خۆیان کوشتووە. گونجاندن و ماڵیکردنی دەزگا ئەهلییە تایبەتییەکان لە پۆڵۆنیا زۆر زەحمەتە، ئاسان نییە، بۆیەش هەموو دەپرسن، ئێمە بەشمان چەندە؟! چەند وەردەگرین؟! منیش وەڵامم دانەوە، هیچتان نادەمێ. ئەوانیش وتیان هیچمان نادەیتێ؟ بەو وەڵامە هەموویان بێدەنگ بوون، ئێمەش بابەتەکەمان گۆڕی و لە بەرنامەی کۆبوونەوەکەدا بەخێرایی چووینە سەر مەسەلەیەکی تر.

## له نێوان وارشۆ و شیکاغۆدا

ئەوەی ماسیچ بۆی گێڕامەوە لە زۆر شوێن و دانیشتنەکانمادا دەیگێڕمەوە، ئەو پلێنگ ئاسا ستایلی پۆڵۆنی تێدابوو، بیر لەوە بکەوە کەسێکی دەسەڵاتدار لە فەڕەنسا ئەو جۆرە قسانە لەگەڵ ستافی کارەکەی بکات؟

پاش ئەوەی گوێم لە نوزانەوەکانی سەرسنوورەکانی نێوان ئەستونیا و رووسیا گرت پەڕیمەوە و گەیشتمە وڵاتی پۆڵۆنیا، پیاو ناچارە فێرە درۆکردن بێت. نیشتەجێبوونی پۆڵۆنییەکان لە شیکاغۆ بەرێککەوت نەبووە، ژمارەیان زۆرە بۆیە دەکرێ ئەو شارە بەدووەم شاری پۆڵۆنییەکان لە جیهان ئەژمارد بکرێت. یەک کەسی پۆڵۆنی نەک تەنیا شەڕێک دەباتەوە، لە شەڕیش سەردەکەون، بەڵام هەرگیز دان بەو سەرکەوتنەش دانانێت، دەزانی پۆڵۆنییەکان سروودێکیان هەیە، لەو سرووده نیشتمانییەی خۆیاندا دەڵێن ناپلیۆن ئەو نموونەیەی پێ بەخشیووین.

پاش سی ساڵ لە دامەزراندنی سەندیکای هاوکاری پۆڵۆنیا دەبێتە پلێنگی ئەوروپا، من هەست دەکەم هەموو پۆڵۆنییەکان حەز لە کارکردن دەکەن، کارەکانیان بەبەرنامەیە و دەیانەوێ وڵاتەکەیان بگاتە لووتکە. شاری وارشۆ پێش بیست ساڵ شارێکی خاکی و خەوتوو و دڵتەنگ و داماو و تەزیوویش بوو، بەڵام ئیمڕۆ بە تاوەرە بەرزەکان و بەبازاڕ و مۆڵەکانی شان لە شانی فەرەنسا دەدات. ئەوەی من لە گەشەی ئاوەدانی و بیناسازی لەو وڵاتەکەم هەستم پێ کرد زۆر مەزنە بڕوا ناکرێت، ئەگەرچی تەنگژە ئابوورییەکەی جیهان ئەوێندەرێشی گرتووتەوە بەڵام دەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشە ئابوورییەکە لە چاو وڵاتانی ئەوروپی خۆرئاوایی تر لەوێ بەردەوام و گەشەدارە.

لیسزاک بالسیروفیکز وەزیری دارایی پێشووی پۆڵۆنی و سەرۆکی بانکی ناوەندی پێی وتم:

پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر پۆڵۆنیادا هەیە، دەبێ پەلە بکەین و لەگەڵ زەمەن

پێشبڕکێ بکەین تا دەگەینە وڵاتانی تری ئەوروپای خۆرهەڵات، دەبێ ڕێژەی گەشەسەندن باش تۆمار بکەین، دوو جار بەقەد ئەڵمانیا و فەرەنسا، هەر هیچ نەبێ ڕێژەکە بگاتە ٣٪. هەر ئەو کۆنە وەزیرە بەمنی وت، دەبێ پۆڵۆنییەکان پرۆسە زەحمەتە گرانەکانیان قبووڵ بێت، بۆیەش وتی:

کێشەی سەرەکی ئێمە چاککردنی گرفتی یاسای مووچەیە، کە لە ساڵی ١٩٩٩ دەستمان بەو گۆڕان و چاکسازییە کردووە، بۆیەش دەبێ خەڵکەکە زۆرتر و گەرمتر کار بکەن، ئەوەش سەرفیاتی دەوڵەت کەم دەکاتەوە.

***

## فاکتەرەکانی سەرکەوتن

سەرنووسەری کۆواری پۆلتیک مالک ئوستروفیسکی دەڵێت: دوو فاکتەر لەپشت سەرکەوتنی پۆڵۆنییەکاندا هەیە، یەکەمیان پۆڵۆنییەکان زۆر ئازایانە و باشتر لە هەنگارییەکان کار دەکەن، دووەمیشیان ئەوەیە کەوا بانکەکانی پۆڵۆنیا ئەگەر زۆر باش و وردبینانە شرۆڤەیان نەکردبێت و باش لە مەسەلەکە تێ نەگەیشتبن، خۆیان نەخستووەتە ناو مەسەلە داراییەکان. راوێژکار لە بانکی واست بی پۆلسکاو مامۆستای زانکۆ جان وینیکی دەیوت:

بەکردنەوەی ئەو دوو گرێیە و تێگەیشتن لەو دوو مەسەلەیە بواری ساز کرد پۆڵۆنیا پێش بکەوێت و هەڵبستێتەوە، ئەوەشیان بیست ساڵە ناوچەکەی هەراسان کردووە، دیارە کەوا ولایەتە یەکگرتووە ئەمەریکاش لەبەری دەناڵاند و ئەوانیش لەو قەیرانەدا خنکابوون، بەڵام بەزۆر زەحمەتیی توانییان دەربازیان بێت. ئەو وڵاتانە بیرۆدزەکانی میلتۆن فریدمان و دەستەکەی شیکاغۆیان پەیڕەو دەکرد، سەرچاوەکەش ئەوەیە کەوا هاووڵاتییان سەرپشک بکەن لەوەی ئازادبن لە بەکارهێنان لە بازاڕە ئازادەکان، کە بەڕاستی ئازاد و سەربەست بن، کەمکردنەوەی کرێ و دەستحەقەکان و سیاسەتەکانی پەیڕەوی گونجاو بوار ساز دەکات هەموو کەسێک دەراسەتی خۆی بکات و بەوەش بەئاسانی لەو مەسەلەیە بەسەرکەوتوویی دەربازیان بێت. بەئابووری

نیولیبرالەوە پۆلۆنیا توانی لە ناو وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاستدا پێگەیەک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەش پاش ئەوە هات کە سوودیان لە کاردانەوەی تەنگژەکان و شۆڕشەکان وەرگرتبوو. ئەوان کارامەبوون لەوەی چارەسەری بۆ رەهەندە سیاسییە ئابوورییەکان سەبارەت بەسیاسەتی ئیشتراکییەکان و دیموکراسییە ئەوروپاییەکان دابڕێژن، بۆیەش زیانەکانیان بەرچاو و گونجاو بوو، بەڵام ئێمە دەپرسین ئەوە چۆن شرۆڤە دەکرێت؟

بەڕێوەبەری گشتی بانکی لۆکاس ئەو بانکە لقێکە لە بانکەکانی کریدیەبانک، باستیان شاربونتییە وتی:

ئێمە میکانیزمێکی هاوبەشی بەکۆمەڵمان نییە، هەرکەسە بۆ خۆی و بەتەنیا کارەکانی بەڕێوە دەبات، چونکە هەموومان برسیەتیمان چێشتووە، گەنجەکانیشمان کارەکان بەڕێوە دەبەن، ئەوانەی لە ژێر سێبەری شیوعیەتدا نەژیاون. سەرەتا ئەندریک کلیسیک بانکێکی لەسەر ئەنتەرنێت دادەمەزرێنێت پاشان بانکەکە دەفرۆشێتەوە، دوایی بانکی بی کی دی بی بەڕێوە دەبات، بەڵام زووتر کۆمپانیای بی زاد یوی بەڕێوە بردووە، کە یەکەمین کۆمپانیای تەئمین بووە لە وڵاتدا، ژمارەی کرێکارەکانی دەگەیشتە ١٦هەزار کەس، بڕوا دەکەن قازانجەکەی لە ساڵی ٢٠٠٩ گەیشتووتە چەند؟ لە وەڵامدا زانیمان کەوا قازانجەکەی بەژمارە یەک ملیار دۆلاربووە، بۆیە ئەندریک دەبێتە یەکێک لە بەرپرسە دیارەکانی ئیدارە لە پۆڵۆنیا. ژوانی دووەمم لە شوێنێک بوو دەکەوتە ئەوماڵەی ژمارەکەی ١٩٣٠ لەسەربوو کە بەرامبەر وەزارەتی بەرگری بوو، سەرەتای سەرکردەی سەندیکای هاوکاری لیخ ڤالیسا کە لە ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٥ پۆستی سەرۆکی وڵاتی لەدەستدابوو لەو خانووەدا تێدا دەژیا، بەڵام ئیمڕۆ کراوە بەبارەگای لویاتان، ئەوەش کۆمەڵەی پۆڵۆنییە بۆ دەزگا گچکە و ناوەندییەکان، کە سەرۆکایەتییەکەی لەلایەن هنریکا بوشنیارزەوە دەکرێت. ئەو ژنە پۆلاینە کە کار و بەرگری لە کارنامەی بەبەرنامەی ئابووری دەکات، ئەو دەڵێت هەموو لایەکمان لەو پرۆسەیەدا بەرپرسین، دەبێ هەمووومان بارەکە هەڵگرین، هەر لە چوارچێوەیەدا ئەو ژنەدا ئەوەیە کەوا دەخوازێت بیر

و رامـانـی هەمـوو خـەڵکەکـە دەگـۆڕێت کـە دەسـتـیـان بۆ پارە دەرهێنان لە گیرفانیان رادەکەن.

لەبەرئەوەی سەرژمێری وڵاتی پۆڵۆنیا دەگاتە نزیکەی ٣٨ ملیۆن کەس، بۆیە دەکرێ ئەو وڵاتە لەچاو ئەو وڵاتانەی ئەو ناوچەیە کە سەرژمێری دانیشتوانی لە نێوان سێ ملیۆن تا ١٠ کەسە بەیەکێک لە وڵاتە گەورەکانی ئەوروپای ناوەڕاست ئەژمارد بکرێت، سەبارەت بەبازاڕی پۆڵۆنییش سەدان کۆمپانیای بێگانە بۆ سەرمایەگوزاری رووی تێدەکەن. وا چاوەڕوان دەکرێت نزیکەی هەشت ملیار یۆرۆ لە بواری هێڵەکانی ئاسن و نزیکەی چوار ملیاری تریش لە بواری رێگە خێراکان بۆ سەرمایەگوزاری رووی تێ بکات، پارەش لەو وڵاتە کە مەزهەبی کاسۆلیک تێدا باوەڕ پێکراوە، کە هێشتا وەک کاڵایەکی حەرام سەیری دەکرێت، چونکە ئەوان بەیەکێک لە بوارەکانی گەندەڵی دەزانن. هێشتا بەڕێوەبەرێکی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت مووچەکەی دە بەقەد بەڕێوەبەرێکی کەرتی گشتی بەرز نەبوویتەوە، بەڵام ئەندریک کلیسیکی سەرۆکی دەزگای بی زاد یو تایبەت بەکاروباری تەئمین بەگاڵتەوە دەیوت ئێمە هێشتا کار بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەمان دەکەین. ماسیچ ڤیتۆکی ساڵانە ٥٠٠ هەزار یۆرۆ وەردەگرێت و بەشێک لەو مووچە و دەستکەوتە پاشکەوت دەکات، وەک ئەو وتی بەنیازم کار لە سیاسەت بکەم، چونکە مووچەی وەزیرێک تەنیا ١٥٠٠ یۆرۆیە.

***

٦

## دووباره هەنگاریا لە بیر دەکرێتەوە

ژنە هاوڕێیەکم لە ئەلزاسەوە پێوەندیی پێوە کردم و وتی: من دەترسێم کارمەندە چەپەکانمان ئەوانەی نەخۆشەکان چارەسەر دەکەن، کە لەو نەخۆشخانەیە لەگەڵ من کاردەکەن لە دژی سەرۆک سارکۆزی وەک نارەزاییەک نایەوێت ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای بەراز بەکاربهێنن. بەڵام لێرە مەسەلەکە بەپێچەوانەی فەرەنسایە، خەڵکە راستڕەوەکان لە دژی بڕیارەکەی حکوومەت کە بەسەرۆکایەتی چەپەکانە دژی کوتان و ڤاکسینی نەخۆشی ئەنفلەوەنزای بەراز دەجوولێنەوە، بۆیە حەقمانە پرسیار بکەین، ئایا ئەو کارمەندانە کار بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان دەکەن، یان مەبەستیان سەلامەتی هاووڵاتییانە؟

ئەوەی سەفەر دەکات بێگومان کێشە و گرفتیشی دێتە پێش بۆیە رەنگە لەسەر سەفەرەکەی سارد دەبێتەوە یان پەشیمان دەبێتەوە، بەتایبەتی کە لە وڵاتی هەنگاریا خەڵکە سیاسییە توندڕەوەکان دەبینی.

پرۆسەی دیموکراسی وەسایە بناغەکەی لەسەر رای گشتی و دەزگاکانی میدیاوە دانراوە، مەسەلەکە جووڵاندنی ژیانی سیاسییە، ئەوەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی وەک یەکە، کار و گەمە سەرەکییەکەش بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنە، هیچ کەس و لایەنێک لەو پرۆسەیە ناباتەوە ئەگەر لایەنە بەرامبەرەکەی دوور نەخاتەوە و سەرکردەکەیان دوورەپەرێز نەکات. ئەو پرۆسەیەش جۆرێکە لە جۆرەکانی شەڕکردن، کە پێویستی بەتیمی گوێرایەڵ و پشتیوان دەبێت، ئەوانەش کار دەکەن ناوبانگی نەیارەکەیان ناشیرین بکەن و روویان بگۆڕن،

دیاره ئەوەش جۆرێک لە ترس و گیانبازی تێدا دەبێت، رای گشتیش حەز دەکات کەشەکە ئارام بێت، ئارەزوو ناکەن سەرکردایەتی و جەنراڵەکانیان بەڕوویەکی توندکار و نیگەران دەربکەون. لە راپرسییەکاندا دەرکەوتووە کەوا دەزگاکانی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە و کەنیسەکان زۆرتر لەلایەن خەڵکەوە خۆشەویستن و ئەوانە دامەزراوی زۆر میللی و جەماوەرین، بەڵام دەزگا پەرلەمانییەکان لەو راپرسییانەدا دەکەونە خانەکانی بنەوە و دەنگیان کەمترە، کەواتە ئێمە دیموکراسیمان بەناخەوە دەوێت و خۆشمان دەوێت، بەڵام هاوکات ئەو شانۆ و سەکۆیەمان ناوێت کە گەمەکەی لەسەردا دەکرێت.

کە دیموکراسییەت دەکەوێتە نێوان بەرداشی شەڕی نێوان چاکخوازەکان و خراپەکارەکان، کە ژیانی گشتی بەشێوەیەکی هستیریایی بێ رێککەوتن لەسەر بەها بنەڕەتییەکان دەکرێت، ئەوەش مانای ئەوەیە سەرکردەکان و دەسەڵاتدارەکان بەهێزێکی زۆر و بەرقەوە کۆبەندەکانی دیموکراسی لەبن پێیان دەردەهێنن و رای دەکێشن، کەواتە ئەوان لە نزیکترین دەرفەتدا دەست بەشکاندنی دەکەن. من رەوشەکانی هەنگاریا و فەرەنسا لەگەڵ یەکدا بەراورد ناکەم، من وا دەزانم دیموکراسییەت لە هەنگاریا هێدی هێدی وردوخاش دەکرێ، دیارە کەوا توێژە سیاسییەکەی ئیمرۆی گۆڕەپانی سیاسەت لە هەنگاریا لە راستڕەوە توندڕەووەکانیش بەڕەڵاترن، کە بەوە ناسراون زۆر دژایەتی سامییەت دەکەن و کار دەکەن لە هەڵبژاردنی داهاتوو گرەوەکە بباتەوە، کە بڕیارە لە ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠ دەربچن، دیارە ئەوانە ئەگەر لەو پرۆسەیەدا زۆرینە بەدەست بهێنن کێشەیەکی راستەقینە و سەرئێشە بۆ ئەوروپا پەیدا دەکەن.

***

## وڵاتەکە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت

پێشبینییەکان وا نیشان دەدەن کەوا هەنگاریا بەرەو رووچوون دەچێت، میللەتی هەنگاری کە سەرژمێرییەکەی دەگاتە نزیکەی شەش ملیۆن کەس

رەشـــــبـــــین، لە ســـــاڵی ١٩١٩ هـەنگاریا دابـەش دەكــــرێت، چونكە لە دەستنیشـانكردنی لایەن و بەرەكاندا هەڵە دەكەن و هەڵبژاردنەكەیان دروست نەبوو، لە رێككەوتننامـەی (تریانۆن) سێ بەشی خـاك و میللـەتەكەی لە زێدی دایكیان جیا دەكرێنەوە. ئەمـیرال هۆرپی لە سالانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠ لەگەڵ هیـتلەر هاوپەیمانـی دەكات، بەوەش مـەبەستی بوو خـاكە داگیـركراوەكـانی وەرگرێتـەوە، بەلام بژارەكەی بەپێـچەوانە دەكەوێتـەوە و كارەساتێكی مـەزن رووبەرووی میللەتەكـەی دەكاتەوە، چونكە ولاتەكە دەكـەوێتـە رێزبەندی ولاتە دۆڕاوەكانی شەڕەكە و سوپای سۆڤیەت ولاتەكە داگیر دەكات.

لە سـاڵی ١٩٥٩دا سـەرهـەڵدانە جـەمـاوەرییـەكـەی هەنگاریا وەچەرخـان و رووداوێكی گـەورەبوو، لە ئاكـامدا حكوومـەتەكـە دەڕووخێت و بۆ مـاوەی دوو هەفتە ولاتەكە شپرزە و ناڕەحەت دەبێت، بۆیەش هێزە سۆڤیەتییـەكان دەگەنە ناو رووداوەكــە و (یانۆش كـادار)ی ســەرۆكی حــزبی شــیــوعی هەنگاریاش بەسـەرۆكی ولات دادەنێن، ئەویش مـاوەی ٣٢ ساڵ وەك كەسێكی هەستیـار و گرینگ رۆڵ لەو ولاتەدا دەگێڕێت. لە ساڵی ١٩٨٨ەوە پرۆسـەی ریفـۆرم دەست پێ دەكات، بەهەرەسهێنانی یەكێتی سۆڤیەتیش ولاتەكە دەكەوێتە ناو ململانێ و ئاڵۆزییەكی ئابووریی مەزن.

***

## ئۆتۆمۆبێلە كۆنەكانی هەنگارییەكان

جـانوز مـیكسـاجـبـای نووسـەر وتوویەتی كـەوا یەكـەم سـەرۆكی حكومـەتی هەنگاریا پێش ئەوەی ببێتە كەسی یەكەم لە رەوشی ئابووری ولاتەكە. ئەو لە زانكۆی هـارڤـارد خـوێندوویەتـی، ئەو و ئەندامـانی حكوومـەتەكـەی كـە پێك هـاتبوو لە چەندین كەسایەتی زیرەك و لێـهاتوو، ئەوان وایان دەزانی ئابووری ولاتەكەیان بەهەمان شێوەی چینی پەیڕەو بكەن، لەسەر ئاستە سیاسییەكەش دەیانویست سیاسـەتی بێلایەنی شێوەی سیاسـەتەكەی ولاتی فنلەندا پەیڕەو بكەن، بەلام لە كۆتاییدا بەرنامـەكەیان وەك خـۆی هێشتـەوە و دەستكارییـان

نەکرد، بەڵام دەستووورە کۆنەکەی ساڵی ١٩٤٩یان هەموار کرد بەمەرجێک نەتوانن گۆڕان لە مادە گرینگەکان بکەن تا رەزامەندی سێ بەشی دەنگدەرەکانیان وەرنەگرن. هەر ئەو نووسەرە وتبووی کەوا ئەو دەستوورە بواری رێککەوتن و کۆبەندی نەداوە، بۆیەش ئێمە لە هەمان شوێنی خۆماندا ماینەوە، ئەوە بیست ساڵە هەنگاومان نەناوە، هەر ئەو دەستوورە وای کردووە بەهەمان کۆنە ئۆتۆمۆبێلە سکۆداکانمان هاتوچۆ بکەین. ئەو ریفۆرمانەی لە دەزگا هەنگارییەکان کراون کەم و گچکەن، ئابووریی هەنگاری لە سەردەمی شیوعییەکان گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیبوو. پیتر ئەسترهازی وتوویەتی:

ئێمە پێش ساڵی ١٩٨٩ لە کاتی حوکمی دیکتاتۆرەکان وەک ئاژەڵ دەژیان، بەڵام ئێستا وا مەسەلەکان بەخێرایی دەگۆڕێن، کە رژێمەکەش رووخا ئێمە ئامادەییمان نەبوو ئازادییەکە لە ئامێز بگرین، بەرگەی ئەو گۆڕانە مەزنەمان نەگرت، من وا دەزانم دیالۆگ ستوونی دیموکراسییەتە، چونکە ئێمە هێشتا نازانین چۆن ئاخاوتن بکەین.

ئەو حزبە بەرەڵایانەی ئیمڕۆش خەڵکە کە لە بیر دەکەن، لەبیرچوون و پشتگوێخستن ژان و خەمەکانی خەڵکەکەی رۆژبەڕۆژ زۆرتر دەکەن و کێشەکان چارەسەر ناکەن، راسترەوەکان دەڵێن چەپەکان شیوعین، بەڵام ئیشتراکییەکان بەحزبە راستڕەوەکانیش دەڵێن ئەو حزبانە فاشیین.

ئۆلگا سزیدیرکینیی ژنە ژوورنالیستێکی ئیستگەی ئێم ئار ١ سەبارەت بەرەوشی وڵاتەکە وتبووی: سیاسەت پاڵەپەستۆیەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەکە دروست کردووە، کە لە ناو شەمەندەفەر من رۆژنامەیەکم لەدەستدایە و دەیخوێنمەوە، هەست دەکەم خەڵکەکە جنێوم پێ دەدەن، بەگەرمی پرسیار دەکەن، تۆ چۆن دەتوانی لە ناو ئەو خەڵکە و لە ناو شەمەندەفەر رۆژنامەیەک بگریتەدەست. چەندین خێزان لە ئاکامی توندڕەوی سیاسییەوە لە یەکتری جیا بوونەتەوە، ئەو رەوشە ئاگر خۆش دەکات شەڕ و دەمەقاڵێ لە ناو خێزانەکاندا روو بدات، مامۆستاکان جورئەت ناکەن باسی

مێژوو و شۆڕشەکان بۆ خوێندکارانیان بکەن.

ئیــمــســـاڵ لە بۆدابست کــەس یادی بیــست ســاڵـەی بەرقــراربوونی دیموکراسییان لە هەنگاریا نەکرد، هەروەها یادی دە ساڵەی بوونە ئەندامی پەیمانی ئەتلەسییان سازنە کرد، هەنگارییەکان بیریان لە یادی پێنج ساڵەی بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپایان نەکردەوە، هەر ئەو ساڵەش ئاهەنگیان بۆ ئەندامیەتی هەنگاریا لە چوارچێوەی شنگن نەگێڕا. هەنگارییەکان هەستیان کردووە کە گوزەرانیان زەحمەت بووە، هەنگاریا لەسەر شێوازی رووسی بیر دەکەنەوە، دیموکراسییەت وەک حاڵەتێکی ناشیرین سەیری دەکەن، بۆیەش ڤلادیمیر پوتین ناچار بوو وەک کەسێکی لووتبەرز هەڵسوکەوت بکات.

جـۆزیف مـارتین ئەوەی رۆژنـامـەی لوبســارڤـاتیـر بەڕێوە دەبات دەڵێت: هەنگارییەکان هەست ناکەن وڵاتەکەیان بوویتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی، رەوشەکەمان وەک ماوەی نێوان هەردوو شەرەکەی لێ هاتووە هەموو شتەکان کـاڵ دەبنـەوە، ئێـســتـاش هـەمـان حـاڵەتە، یان وا دەزانـین ســەردەمی داگیرکردنەکەی نازییەت و قڕکردنی قەرەجەکان و سوتماککردنی جوولەکەیە. لەو رەوشـەدا مێژوونووسـەکانمان خۆیان لە قەرەی ئەو رەوشە نامۆیە نادەن، ئەو بێدەنگییە مەزنە گوتاری سیاسی لە وڵاتەکەمان بۆگەن کردووە.

بییر کندری ئەندام لە ئەکادیمیای زانستەکانی هەنگاریا دەڵێت:

لەبەرئەوەی بەرچاوی مێژووەکەمان شێلووە، بۆیە نەوە لە دوای نەوە دەبێ باجی ئەوە بدەین، ئێمە لە ناو گێژاوێکی تاریکدا دەژین، کەسیش باسی ناکات بۆ نەوەکانی پاش خۆمانی ناگێڕنەوە.

بەپێی دەرئەنجامی راپرسییەکان رێژەی ٧٠٪ دەنگەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو بەر بەرەی راستڕەوەکان دەکەوێت، لە دەنگەکانی تریش رێژەی ٣٠٪ بەر راستڕەوە توندڕەوەکان دەکەوێت. راستڕەوەکان دەڵێن ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە وڵاتەکەماندا بەرقـرارە جوولەکە بەرپرسن، دەستی ئەوانی تێدایە، قەرەجەکانیش رۆڵی مەزنیان هەبووە لەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر

لەو وڵاتە روو بدات. بەڵام ئیمرۆ حزبە راستەکان جورئەتی ئەوە ناکەن بڵێن کەوا دەماری زیندووی ژیانی هاوچەرخ لە ئەستۆی هەمووماندایە، تاکەکان لەوە بەرپرسن، بەشێوەیەکی چەواشەکارانە جوولەکە یان قەرەجەکان یان سەرمایەی بێگانە دەکەنە فاکتەری سەرەکی لەو قەیرانە ئابوورییەی هەنگاریا، بەڵام ئەو رەوشەی بودابست راستییەکی تاڵە، ئادم میکنیکی ئەندام لە سەندیکای سولیدارنۆک باسی لەوە کردووە و وتوویەتی: رووی خراپەکانی شیوعیەت لەوە دەبینرێت کە هێشتا روویان نەداوە.

***

٧

# كۆشكی پاشا لە بەرلین نۆژەن دەكرێتەوە

كـۆشكـی گلیـۆم لـە ناوەڕاسـتی بەرلـین نۆژەن دەكـرێتـەوە، بـەوەش دەبێـتـە سونبلێكی بیناسازی مـەزن، تا كۆشكـەكە تەنیا نەبێتـە هێما و تاكە سـونبلی رابردووی برووسـیـیـەكـان، لـەو كـۆشكـەدا مـۆزەیەكـی هونەری زۆر نـایـابیش دەكەنەوە، ئـەوانـەی سـەرپەرشتـكاری ئەو پرۆژەیەن دەخوازن ئەو مـۆزەیە ببێتە سەرچاوەیەكی هونەری پرشنگداری جیهان. جۆن مۆنی دەڵێت:

ئەگەر داوای ئەوەم لێ بكرێت چ سەرلـەنوێ بنیات بنێمـەوە، من لە وەڵامـدا زوو دەڵێم كولتـوور. ئایا ئەو دەستـەواژە و ئەو بژارەی مـۆنی دروستـە، قسـەی یەكێك لە ئەدیبـە ئەوروپییە گەورەكـان دروستـە، ئایا ئەوە مـەیسـەر دەبێت، لە رەوشێكدا هێشتا شوێنەوارەكانی جەنگی دووەمی جیهان لە پاش تێپەڕبوونی ٦٥ سـاڵ بەسـەر كۆتایی هـاتنـی ئەو شـەڕە خـوێناوییـە لە هزری خـەڵكێكی زۆر بوونی هـەرمـاوە. یەكـێك لـەو سیـمـایەی نیشـان دەدات كـەوا نـۆژەنكردنەوە و ئاوەدانكردنەوەی كـەلاوەكانی شـەڕەكە نۆژەنكردنەوەی كۆشكێكە كە تا سـاڵی ١٩١٨ كـۆشكـی ئیـمـپـراتـۆریەتی ئەڵمـان بووە، ئەو كـارەش لـە سـاڵی ٢٠١٠ دەست پێ دەكـات، بڕیاریشـە لـە سـاڵی ٢٠١٥ تـەواو بكرێت. پرۆژەكـە مـەبەستێكی دڵخوازی پیرۆزی هـەیە، بەو كـارە بەرلین كە لـە بینایەك لە ئامێز دەگرێتـەوە، ئەوەش هـاوشـانكردنی بیناسـازی و مێژووە لە نـاوەڕاسـتی وڵات بەرز دەكـرێتـەوە. ئەو كـۆشكە لە سـاڵی ١٩٤٥ بەر بـۆمـبـاكـانی ئاسـمـانی بەریتـانییـەكان و ئەمـەریكاییـەكان كەوتبوو، پاشـانیش شیـوعییـە ئەڵمانـەكان خـاپووریان كـردووە، كە بووبـووە سونبلی روحـی شـەڕانگێزی ئەڵمـانـەكـان، ئەو كـۆشكە لە نـاوەڕاسـتی سـەدەی پازدەمین دەست بەدروسـتكردنی كـراوە. ئەو

کـۆشکە بڕیارە لە سـاڵی ٢٠١٥ پاش نۆژەنکردنەوەی بکرێتـەوە و ئەوەش لە یادی بیـسـت و پێـنج سـاڵەی رووخـانی دیوارەکـەی بەرلینە، بڕیارە لـە ناو کـۆشکەکـە مـۆزەیەکی گـەورە بـۆ هـەمـوو بـوارەکـانی هونـەر سـاز بکرێت، بەنووسینێکی کۆواری سکلۆس پۆستی بەرلینی ئەو کۆشکە دەبێتە زەمینی گۆڕینەوەی کولتووری جیهانی.

***

لە وتارێکدا کۆمپانیای لۆفتهانزا سەبارەت بەنۆژەنکردنەوەی ئەو کۆشکە ئاماژەی بەوە داوە کەوا بوونی ئەو کۆشکە لە ناوجەرگەی بەرلینی پایتەختدا بۆ برووسیا بەسەرکەوتن ئەژمارد ناکرێت، مەسەلەکە لەوە گەورەترە، مەبەست لەو کۆشکەش دامەزراندنی مەڵبەندێکی گۆڕینەوەی کولتوورییە لە جیهاندا.

ئەوانەی گلەییش لە نۆژەنکردنەوەی ئەو کـۆشکە دەکـەن حـەقـیـان هـەیە، چونکە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیابوو کەوا ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرساند و خۆشی کرد، بۆیەش مێژوونووس فریتز فیشر وتوویەتی: کـەوا گلیـۆمی دووەم و سـەرۆکی ئەرکـانەکـەی زووتر و لە سـاڵی ١٩١٢ەوە بڕیاری شەڕەکەیان دابوو، خۆیان بۆ ئەو شەڕەش ساز کردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش ستراتیجیەتی گشتییان بۆ شەڕەکە داڕشتبوو. ئەگەرچی ئەو دوایی بێزاریشی لە هیتلەر دەربڕیبوو، بەڵام کە هیتلەر فەڕەنسای داگیر کردبوو دەستخۆشی و پیرۆزبایی پێ وتبوو، بەڵام من وا دەزانم هیچ بیانووێک نییە ئەوروپاییەکان لە نۆژەنکردنەوەی ئەو کۆشکە نیگەران بن و ئەو بۆنەیەش بەگـرینگ وەرنەگـرن، چونکە بەرلین شـارێکی سـەنتـەریی گـەورەیە و سەرژمێرییەکەی دەگاتە نزیکەی سێ ملیۆن کەس، رووبەرەکەشی هەشت جار لە پاریس گەورەترە.

***

لێرە هەموو دیاردە و سیماکانی نازییەت بنبڕ کراوە، بەڵام تاکە دروشم و شێوەی نازییەت لە لەتبوونی ئەڵمانیا بەدوو کەرت لە رۆژانی شەڕی ساردا مابوو، ئەڵمانیا کرابووە دوو دەوڵەت.

پاریس بەپێچەوانەی بەرلین هەڵکەوتووە ئەو شارە لە سەدەی یازدەمەوە لەلایەن ژمارەیەک ئەندازیاری بیناسازی نەناسراو، بەڵام بەگیانی کۆمەڵەوە ساز کراوە و نەخشەسازییەکانی کراوە، بەڵام بەرلین دیسان بەپێچەوانەی پاریس بەدەستی شاکارە مەزنەکانی مەزن و ناسراوی بیناسازی جیهان نۆژەنکراوەتەوە. ئەو ئەندازیارە بێگانانەی لەو شارەدا کاریان کردووە لە ناو گێژاوێکدا کاریان کردووە، پرۆژەکەیان وەک ئیستگەیەکی گەورە سەیرکردووە، من وا هەست دەکەم شارێکی وەک میونش لە بەرلین زۆرتر گونجاوتر و ئاوێتەترە، دیارە کەوا یەکێتی ئەڵمانیا بەندە بەچەندین مەسەلەی گرینگ، ئەگەرچی بیست ساڵە دیوارەکەی ناو بەرلین رووخاوە، بەڵام هێشتا شارەکە بەدروستی بەیەکتری نەبەستراوەتەوە، بۆیەش نۆژەنکردنەوەی ئەو کۆشکە پێویستییەکی مەزنە، چونکە بەوەیان بەرلین دەبێتە خاوەن دڵ و سەنتەر و جەمسەر و هیمایەکی فرەرەهەندی دیار.

ئەوەی لە پشت ئەو پرۆژەیە وەستاوە کەسێکی بەحەماسە، ئەویش ناوی ویلهام فۆن بودینە، ئەو پرۆژەکەی زۆر خۆش دەوێت، دەکرێ بڵێین عاشقی پرۆژەکەیە. ئێوارەیەکیان خاوەن پرۆژەیەکەمان لە هوتێلێک بینی، ئەو وەعدی پێ دام من بباتەوە مەڵبەندی زانیارییەکان، لەوێ هەموو نەخشەکانی پرۆژەکە نمایش کراوە، وێنەکان هەڵواسراون، کەلوپەلی پرۆژەکەش لەوێیە، ئەوانە بۆ فرۆشتن دانراوە تا پارەکە ببێتە سەرمایەی تەواوکردنی پرۆژەکە.

بودین بەمنی وت: دەبێ بۆ تەواوکردنی رووکاری کۆشکەکە ٨٠ ملیۆن یۆرۆ کۆبکەینەوە، حکوومەتی فیدراڵیشمان ٤٤٠ ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخان کردووە و شارەکەش ٣٢ ملیۆن یۆرۆی لە بودجەی تایبەتی خۆی بۆ پرۆژەکە تەرخان کردووە. ئەو بەردەوام کارکەرە ئەڵمانەکان هان بدات بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لە تەواوکردنی نۆژەنکردنەوەی کۆشکەکە بکەن، ئەوەی شایانی باسە پەرلەمانی ئەڵمانی لە مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٢ رەزامەندی لەسەر نۆژەنکردنەوەی کۆشکەکە بۆ سازکردن و گەشاندنەوەی بەرلین داوە.

پرۆژەکە مەبەستی ئەوەی هەیە یەکێتی بیناسازی شارەکە راگرێت، تا

بەرلین لاوازی یەکێتی شێوازی بیناسازییەکەی بشارێتەوە ئەو پرۆژەیە کارکەرە، لەگەڵ ئەو کۆشکەدا چەندین مۆزە و سینەما و هۆڵی کۆنسێرێتی تێدا دەبێت، بەوەش لە داهاتوودا بەرلین شان لەشانی شارەکانی وەک واشنتۆن و لەندەن و پاریس دەدات، چونکە هێشتا ناکرێ بەو شارە بڵێین پایتەختێکی گەورەیە، چونکە مۆزەی گەورەی نییە، لەو ماوەیەدا لە وڵاتانی ئەوروپی دەستکراوە بەدروستکردنی چەندین مۆزەی گەورە، بەڵام لەپاریس هەست دەکەین ئەو بەرنامەیە لە کاردا نییە، وا دیارە وەزارەتی دەرەوە بەشێوەیەکی خۆکوشتن دەستی لە پرۆژە کولتوورییەکانی دەرەوە بەرداوە و ئەو بەرنامەیەی پشتگوێ خستووە، چونکە هەموو دانیشتوانی جیهان ئەوە باش دەزانن کەوا گەشەی نەتەوەکان بەگەشەی کولتوورەوە بەندە. قۆناغەکە بابەت و سیماکانی گۆڕینی دەسەڵاتە ئەخلاقییەکانی نەتەوەکان بەنمایشی هێز ناس ناکرێت، مەسەلەکان گۆڕاوە. دیارە کەوا ئەوروپا و چین باش لەوە تێگەیشتوون دبلۆماسیەت و گەرمەی بازرگانییەکەی دەرخستەی لە دەستێوەردانی سەربازی باشتر و بە سوودترە. کە جۆرج بۆش وڵاتی عێراقی داگیر کرد هەموو جیهان بەوە تووڕەبوون، وا باراک ئۆباما دەیەوێت ئەو هەڵەیە چاک بکاتەوە، ئەوەی ئیمڕۆش ئەڵمانیا دەیکات ڕەهەندی جیهانی پێوەیە، ئەو دەخوازێت مێژووی خۆی و پیاوەکانی بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی تۆمار بکات.

***

٨

# کۆماری شیکیا و ناپلیۆن

نیشانەی سەرکەوتووەکانی ناپلیۆن لە نەمسادا نەماوە، بەڵام پێیان خۆش بێت یان دڵگران بن، شوێنەواری داگیرکردنەکەی ئەو ئیمپراتۆرە بۆ وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست لێرە و لەوێ هەستی پێ دەکرێت. ئەو ڕێگەیەی دەتباتە ئۆلوموتس بەبن ئۆتۆمۆبێلی دروستکراوی ئەڵمانیا دەلەرێتەوە و وادەزانیت تۆ لە ناو گۆڕەپانێکی پێشبڕکێی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلەکانی، ئەوەندە خێران هەست دەکەم خێراییەکانیان دەگەیشتە ٢٠٠ کیلۆمەتر لە یەک سەعاتدا.
ئەوانەی ڕێگەی نێوان شاری برنو کە دووەمین شاری کۆماری شیکیایی و براتیسلافای سلۆفاکی بەکار دەهێنن بەئاشکرا دیارە کەوا پێشبڕکێ لەگەڵ زەمەندا دەکەن، لێرە وادیارە کەوا ئۆتۆمۆبێل گەمەیەکە و دەبێ و ناچاری هێز و تاقەتەکانی هەموو دەربخەیت، ئەگەرچی ئۆتۆمۆبێلەکان زۆر خێرابوون و ڕێگەکەش بەبەفر داپۆشرابوو، لە ناو سروشتە زۆر جوانەکەدا من توانیم تابلۆکانی ریکلامی بەدرێژاییی ڕێگەکە بخوێنمەوە.

لە نەمسا ناپلیۆن گەورەترین شەڕی لە ڕۆژی ٢ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٨٠٥ کردووە، ئەو شەڕە بەشەڕی سێ ئەبتەرەکە ناسراوە، لەوێ ناپلیۆن دیمانەی بەقەیسەری ڕووسیا ئەلکسندەر و ئیمپراتۆری نەمسا فەرنسوای دووەم بووە. کە قەیسەری ڕووسیا لە نەمسا بەرەو ڕووسیا دەکشێتەوە ناپلیۆن شەڕەکە دەباتەوە، بۆیەش ئیمپراتۆری نەمساش دان بەداواکانی ناپلیۆنی براوە دادەنێت و لەوێ ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ فەڕەنسا مۆر دەکات، ئەو سەرکەوتنەبوو کەوا ناپلیۆن دەگەیەنێتە لووتکەی نەمری و شکۆ، لەو ڕۆژەوە ئەورووپا لە بواری سیاسییەوە ڕێک دەخرێت و لەبەرئەوەی ئەو براوەی

شـەڕەکـان بووە بۆیە هەمـوو ئاراسـتەکان لەبەر ڕۆشنایی ئـەو لەو کیشـوەرەدا دەبێت. من سـەردانی مـەیدانی شـەڕەکـەم کرد، کە لە شـێوەی لاکێشـەیەکە و درێژییەکەی دوازدە مەترە پانییەکەشی تەنیا هەشت مەترە.

ئەو ناوچەیە فراوانە و لـەسـەر ڕێگەکـەش خـانووی سـازکـراوی زۆری تێـدا دروست کـراوە، خـەڵکەکە دادەنیشن سـەیری کـاروانـی درێژی ئۆتۆمـۆبێلەکـان دەکـەن کـە لە بەردەمـیـانـدا ڕەت دەبن، ئاشـکرا کـەوا گـەشـەی ئەو گـوندانە لەسـەرخـۆ دەبن، چونکە ڕێگەکـانیـان هـەمـوو قـوڕن و خـۆڵەکـەشی بەخـوێنی ١٢٩٠ سـواری فەڕەنسی و نزیکـەی ١٦ هـەزار نـەمسـاوی و رووسـی ئاو دراوە، کـە لەو شــەڕەدا کـوژراون. لەو سـەفـەرەم بـۆ نەمـسـا لەوە تـێگەیشـتـم بۆچی ناپلیـۆن کە شـەڕەکە تەواوبووە لە نەمـسا کۆشکێک بۆ خۆی دروست دەکات و لەوێ دەژیت، ئەو دەزانێت لەوێیەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی هـەموو ناوچەکە بکات. ناپلیۆن لەسـەر هـەیوانی کۆشکەکەوە بە سـەربازەکانی دەڵێت:

سـەربازەکـانم من لە ئێـوە ڕازیم، ئەوەی بـەشـانـازی بۆتان دەمـینێـتـەوە کـەوا لەو شـەڕەی نەمسا بەشداریتان کـردووە، بەشکۆوە ئەوە دەگێڕنـەوە. ئێمـەش کە ئەوانەمان لە کتێبەکانی مێژوو خوێندووەتەوە زۆر باندۆریان لەسـەرماندا بووە.

***

## شاری گۆڕستانەکان

ئیـمـپـراتۆری نـەمـسـا فـەرانسـوای دووەم پاش ئەو شکـانەی ورد دەراسـەتی ڕەوشـی خـۆی کـردووە، بۆیەش سێ هـەفـتـە پاش شـەڕەکـە و لە ڕۆژی ٢٦ ی مـانگی دیسـمـبـەری سـاڵی ١٨٠٥ وازی لە تاجـی ئیـمـپـراتۆریەت دەهێنێت. لەلایەن ناپلیـۆن و هیـتلـەر و سـتـالینەوە ئـەورووپی ناوەڕاست پارچە پـارچە دەکـرێت، ئەو بەشکردنە پێوەندیی بـەحـەمـاسـەتی فـەڕەنسـاوە هەبوو، ئەوەی ناپلیـۆنی لە پرەنسیـپـە سـەربازییـەکـاندا زۆر زیرەک بوو، فـەڕەنسـا تووشـی کـەمی خـوێن کـردبوو، بێجگە لە خـوێنی فـەڕەنسییـەکـان لە ئەورووپاش خـوێنی زۆری ڕشـتـووە، قـوربـانی و زیانەکـانی ئەو شــەڕانەی ئەو کـردوویەتی زۆرن و

ژمارەیان دەگاتە ٤٤ شەڕ، بەپێی بۆچوونی مێژوونووسان دەڵێن قوربانی شەڕەکانی ناپلیۆن لە زیانی جەنگی یەکەم جیهانی زۆرتر بووە. هەر ئەو مێژوونووسانە نووسیویانە کەوا ئەو سوپا فەڕەنسییەی کە هێرشیان بردووەتە سەر رووسیا بەسەرۆکایەتی ناپلیۆن کە ژمارەیان ٦٠٠ هەزار کەس، ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە. ناپلیۆن رووی لە هەر وڵاتێک کردبێت جێ پەنجەی ماوە و ناوەکەی لە هزری ئەورووپییەکان ماوە، پۆڵۆنییەکان و سلۆڤینییەکان خۆشیان دەوێت، بەڵام هەندێ لەو شارانەی سوپاکەی ئەو گەیشتوویەتی تا ئیمڕۆش هەر گۆڕستانە، بۆ ئەوانە جێگەی نیگەرانی و خەمۆکی بووە. ڤیلنیوسی پایتەختی لاتیڤیای ئیمڕۆ یەکێکە لەو شارانە، لەوێ دوو هەفتەی تەواو ماوەتەوە، دەڵێن ٤٠ هەزار جەنگاوەرە دێرینەکانی لەوێ کوژراون و مردوون، پاش ئەو قوربانییە زۆرە ئینجا سوپاکە توانیویەتی دەربازی بێت. سەرەتا ئەوان لەو شارەدا لەسەر دەستیان راگرتوون، بەڵام پاش سێ رۆژ هەڵدەوەرێن. ئەوانەی کارەساتەکەی ئەو رۆژانەیان گێڕاوەتەوە، دیمەنی ترسناکیان پێ بووە، مەسەلەکە هەندە سەیر نییە و رۆژەکەش ئەوەندە دوور نییە، تەنیا دوو سەد ساڵێکە و ئەوەش زۆر دوور نییە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە ڤیلنیوس و لە کاتی هەڵکۆڵینی بناغەی پارکێکی ئۆتۆمۆبێل راگرتن لە گەڕەکی سیوارس مستیلیسدا ئێسک و پرووسکی سەربازە فەڕەنسییەکانی ئەو شەڕەیان دۆزیوەتەوە. لەو گەڕەکەدا کە یەکێکە لە گەڕەکەکانی ئەورووپای ناوەڕاست لەوێ دوکتۆرێکی ددان و مەڵبەندێکی شووشتنی ئۆتۆمۆبێل و ئوتوخانە و وەکالەتێکی گەشتوگوزاری تێدایە. لەو گەڕەکە قسەم لەگەڵ پیاوێکی پاککەرەوە کرد و پرسیم ئایا دەزانی گۆڕی سەربازە فەڕەنسییەکانی شەڕەکانی سەردەمی ناپلیۆن لە کێندەرێیە، ئەو لە وەڵامدا وتی:

بەڵێ لە ژێر لەو بینایە سوورەدا سەربازەکان نێژراون. دیارە کەوا ئەو لەوەڵامەکەیدا زۆر دڵنیابوو. منیش چوومە شوێنەکە بەڕاستی شوێنێکی زۆر جوان بوو.

سەربازە کوژراوەکانی فەڕەنسی لەجەنگی دووەمی جیهاندا گۆڕەکانیان زۆر دوور نییە، لە پۆڵۆنیا نێژراون، ئەوان و هاووڵاتییە مەدەنییە لیتوانییەکان کە لەسەرهەڵدانەکەیان دژ بەسوپای سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ کوژراون لەیەک نیزکن. ئەو گۆڕستانە تەرمی کوژراوە ئەوروپاییەکانی تێدایە، لەوێ من تێگەیشتم لەکێوە هاتووم، من لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی رابردوو لە دایک بووم، بۆیەش من ئەندامێکی کۆمەڵگە مەدەنییە فەڕەنسییەکەم، ئەوانەی کەوا لە پاش ناپلیۆنەوە شەڕمان هەڵنەگیرساندووە. بۆیەش دەکرێ بڵێین ئەو ئەوروپایە ئیمڕۆ بەئارامی و بەئاشتی دەژیت بەشەڕ دروستبووە و شەڕەکانە ئەو ئاشتییەی ئیمڕۆی بەرقرار کردووە. کە لە سنوورەکەی نیوان شیکیا و سلۆڤاکیا دەپەڕیمەوە هەستم دەکرد یەکێتی ئەوروپا توانیویەتی هەندێک لە برینەکانی کۆنی سارێژ بکات، ئەو وڵاتانە بوونەتە ئەندام لە فەزای شنگن، سنوورەکانیان بەڕووی یەکتردا کردووتەوە، ئەوەش بۆ ئەو وڵاتانە گرینگە، کە شەڕەکان لە یەکتری دووری خستوونەتەوە و پارچە پارچە دەبوون.

***

٩

# سۆفیا لە ژێر باندۆری رووسیا دەمینێتەوە

وڵاتی بولگاریان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی، بەڵام هێشتا تا ئەو سەعاتەش برا گەورەکە و کۆنە شیوعییەکانی لە بیر نەکردووە، ژیان و بازرگانییەکانیانی خەڵکەکەی بولگاریا برووسیامان بەبیر دەهێنێتەوە، بۆیەش دبلۆماسە بڕوا پێکراوەکانی ئێرە بەوە تووڕە دەبن. دبلۆماسە ئەوروپاییەکان لە تووڕەییەدا ئاگریان لێ دەبارێت، ئەوەش لە سەفارەتێک بۆ سەفارەتێکی جیاوازە، ئەوان بەڕوونی دەڵێن، لێرە مافیا بوونی هەیە، دادپەروەری بوونی نییە، ئێرە نموونەیەکە لە سیستەمەکەی رووسیا لە ناو یەکێتی ئەوروپی دیارە ئێمە ئەوەمان نەویستووە. دیارە ئەو رەوشە ئەگەر نەما، بێگومان سەفیرەکان لەو دەیان ملیارەی کونڵسخانەی ئەوروپی لە بولگاریا بەوانی بەخشیوە بێدەنگ دەبن و قسەیان نامینێت، بەڵام لەو حاڵەتەی ئێستا زۆر تووڕەن.

کە پێیەکانت دەختە ناو خاکی هەنگاریا و سۆفیا وا دەزانی لە وڵاتی کۆنگۆیت، ئەو وڵاتەی سەرژمێرییەکەی دەگاتە هەشت ملیۆن کەس، سەرەڕای ئەو رەوشە ناڵەبارەش بۆ نمونە هێشتا لەبۆخارست باشتر گەشەی کردووە. رەوشی ئابووری و گوزەرانی شارەکە وەک پایتەخت لەگەڵ لادێیەکانی جیاوازییەکی زۆریان نییە، لێرە وەک بودابست خانووە میللییەکان پشتگوێ نەخراوە، بەڵام ئەوروپییەکان بەردەوام رەخنەیان هەیە، ئەوان رەوشەکەیان ئەوەندە خراپە ناکرێ لەگەڵ رۆمانیا و هەنگاریاش بەراوردیان بکەین.

***

# شۆڕشی کۆشک

ئەو شـۆڕشـەی لە رۆمـانیا لە سـاڵی ١٩٨٩ بەرپا بووە تەنیـا شـۆڕشـێک بووە لەسەر کۆشکەکە، سـەرکردە شیـوعییـەکان توانییـان شۆڕشـەکە بکەن و ناو لە خۆیان بنێن ئیشتراکییـەکان، بەوەش پشکەکانی وڵاتەکەشیان لە ناو خۆیاندا دابەش کـردووە. ئەوەی لە بولـگاریا رووی داوە هـەمـان شت لە بۆخـارسـتـیش کراوە، بـەڵام بەڕادەیەکی کـەمـتـر، هـەمـوو بولـگارەکـان ئەوەیان لە بیـرە کـە لە ساڵی ١٩٨٩چ رووی دا، لەو سـاڵەوە موسڵـمانە تورکەکانی بولگاریاش هـەموو مـافـەکانیـان وەک تاکی بـولگار دەسکەوتووە، بۆیەش ئەوروپییـەکـان بەچاوێکی سووک سەیری بولگاریا ناکەن.

کە چوومـە پێشـانگەیەکی خشـڵفرۆشـی ئیتـاڵی لە کۆگـایەکی نایابی سۆفیا تێگەیشتـم رەوشـەکە چۆنە و گـوزەران لەکێندەرێیە، لەوێ ژنە نمـایشکـەرەکانی مۆدە بەفسـتـانی دیورو ڤان نوتنەوە دەردەکـەوتن، مێـوانەکانیش بەئۆتـۆمـۆبێلی نـایابـی دوا مـۆدیلـەوە دەهـاتن کـە شـوفـێـرەکـانیـان مـەشـقـیـان بۆ ئـەو بۆنە و هێنـانی مێـوانەکـان پێ کـراوە. لەو ئاهـەنگەدا شـەرابی فـەڕەنسی و کـایاری ئێرانیش پێشکێش دەکران، پاسـەوانەکانی مێوانە ناودارەکانیش لە دەرەوە و بەو سـەرمـایە تووشـەوە چاوەڕوان بوون، لەودیو شووشـەکـانەوە دەیانبینی چۆن لە پێش تـیشکی کـامـیـراکـانەوە گـەورەکـانیـان روومـەتی ژنەنازدارەکـان مـاچ دەکــەن. ئەو کــەشــەیان لە رووســەکــانەوە بـۆ مــاوەتـەوە و لە مــۆسکۆ ئەو مـەراسـیـمـەیان زۆر بینیـووە. ئەوەی زۆر سـەفـیـرە ئەوروپییـەکـانی نیگەران و بێزار دەکرد کە دەیانزانی نیوەی هـاوڵاتییانی ئەو وڵاتە لە ژێر پلەی برسـیـەتی و نەدارییـەوە دەژین، یان کـە دەیانبـینی چۆن بولگارییـەکان لەسـەر شـێوازی رووسـەکان دەژین، ئەگەرچی وڵاتەکە ئەندامی یەکێتی ئەوروپییە.

***

## کەژاوەی ئۆتۆمۆبێلە دژەگوللەکان

ئەوانە بەئۆتۆمۆبێلی دژەگوللە هاتوچۆ دەکەن، ساماندارن و خاوەن شار و گەڕەکی گەورەن، راستە ئەگەر بڵێین نیوەی بولگاریا مولّکی ئەوانەیە، سەرمایە و بازاڕەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەش کردووە، تەنیا خەریکی ئەوەن بەردەوام سەرپەرشتی پارەکانیان بکەن، کاتیان بۆ بەرنامە و کاری تر نییە، خەڵکەکە با بۆ خۆیان بچنە ناو دۆزەخ.! من وا دەزانم بولگاریا لەسەر ئاستی کولتوور و شێوازی رۆژانەی ژیانیان لەگەڵ ئەوروپا دابڕاون، بەڵام ئەو دابڕان و ئەو رەوشەم لە وڵاتانی تری ئەوروپای ناوەڕاست نابینی، دیارە کەوا وڵاتانی لیتوانیا و ئەستونیا و لاتڤیا و پۆڵۆنیا و هەنگاریا و کۆماری شیکیا بەڕاستی پشتیان لە رووسیا کردووە و بەیەکجاری لەوان دابڕاون، خەڵکەکەش وا خۆیان دەردەخەن کەوا رقیان لە رووسیایە، بەڵام دەوڵەتەکانیان لەبەر وەرگرتنی وزە ناچارن پێوەندیی بکەن.

لە سۆفیا فاکتەرەکانی لەیەک نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەش هەیە، بەڵام لایەنە سۆزدارییەکەش، پێوەندییەکانی نێوان سەرکردەکان لە ناو دەزگاکاندا دەجووڵێنێت. سەرۆکی بولگاری جورجی بارفانوف لە مانگی فبرایەری ساڵی پاردا لە مۆسکۆ رای گەیاندبوو، کەوا سەرەتای ساڵی نوێ بولگاریا لە رووسیایە، بڕوا ناکەم هەرگیز زەمەن ئەوەمان لە بیر بباتەوە کە سەربازە رووسەکان چییان بۆ ئێمە کردووە، ئەوان بۆ رزگارییمان شەڕیان کردووە و قوربانییان زۆر سەربەخۆیی بولگاریا داوە.

ئەو لێدوانەی سەرۆکی بولگاریا لەلایەن سەرکردەکانی تری وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاستیش چاوەڕوان نەکراوبوو، لە ڤیلنیوسدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونە نامۆیە ئەستونیاییەکان بڕیار دەدەن پەیکەری یاد و بیرەوەری سەربازی رووسی لە وڵاتەکەیان هەڵبگرن، ناخوازن چی تر نیشانەی سەربازی رووسیایان پێوە دیار بێت، زۆر لە دبلۆماسییەکان وادەزانن کەوا بولگاریا تەنیا ئەستێرەیەکی دەستکردی رووسییە، ئەوان دەیگێڕن، چونکە

شـوێنـەواری رووسـەکـان لە ناو ئەو وڵاتـە لە زۆر شـوێندا بوونی زەقـی هـەیە. لە سـۆفـیا ژن و مـێـردێکم لە تەمـەنـی ٨١ و ٧٥ سـاڵی بینی، ئەلکسـندرا و مـاریا فازوف لە سـەردەمی گەشـەو پرشنگداری شیـوعیـەت ژیابوون، ئەوان زۆر باش دەکـارن هـەردوو قـۆناغ ورد و دروست هـەڵسـەنگێنن، دەکـرێ بـاش جـیـاوازی نێـوان ئەو بیـست سـاڵە بگێـڕنەوە. ئـەلکسندرا بەڕووێکی جـوان و خـۆشـەوە وەڵامـی دامـەوە و وتـی:

یەکەم بۆمبای ئەڵمـانـی کاتی خـۆی لە نزیک ماڵەکـەمـان کـەوتە خـوارەوە، من ئەو دەمانەش مامۆستای فێرکاری زمانـی رووسـی بووم.

ئەو بۆی گێـڕامـەوە و وتـی کە خـوێندکارەکانم بـۆ سـەردانـی کەنسـیـەیەک برد، منیان خانەنـشـین کرد. کە لە ناو شوقەکـەی ئەو ژن و مێردە پیاسـەیەکەم کرد، چاوم بەکتێبخانەی دەوڵەمەند بەهەمـوو زانستەکان کـەوت، لەودەمانەش ماریا قـاوەیەکی بەپسکوێتـەوە بۆ سـاز کـردین و ئەلکسندرای مـێـردیشـی وردەنانە پەرتبـووەکـەی سـەر ئەرزەکـەی کـۆ دەکـردەوە و لە ناو قـوودیـیـەکی دەکـرد و بەپێکەنینەوە داوای لێبـووردنیـشـی لە من دەکـرد. من دوو سـەعـات گـوێم لە ئاخاوتنەکانی ئەوان راگرت، لەو کـەشـەدا وام دەزانی من لە هاڤانام یان کۆنە رۆمانێکی سۆڤیـەتی دەخوێنمـەوە، ئەو دەیوت چۆن لە مۆسکۆوە بەرنـامـەڕێژی بۆ پرۆگـرامـەکـانی قـوتابخـانەکانمـان دەکرا، چۆن هـاوسێیـەکـانیـان بەڕاپۆرت رۆژانەی سادەی خـەڵکەکەیان دەنووسییـەوە، هـەروەهـا باسـی ئەوەشـی بۆ کردم چۆن لە سۆفیـا ئەوان سەردانی بارەگاکانی حزبیـان دەکرد، ئەوان چەند بێزار و نیگـەران بوون کـە بۆیان نەدەکـرا گـوزارشت لە بەرنـامـە و بـڵاوکـراوەکـانـی ئیستگە و رۆژنامەکان بکەن. ئەلکسندرا ئەوەنـدەی قاوەکەی فڕ دەکرد بێدەنگ بوو، پاشـان سەیرێکی چاوی منی کرد و وتـی:

کە شـۆڕشـەکە قـەومـا و بارەگـای ئیـسـتـخـبـاراتەکە لـە سـاڵی ١٩٨٩ گـیـرا و دۆسـیـەکـانیـان کـەوتنە دەست خـەڵک، منـیش چوومـە ئەوێندەرێ لەوێ بینیم منیش فـایلم هـەبووە، لاپەڕەکـانـی فـایلەکـەی من قـەوارەکـەی ٧٨ لاپەڕەبوو، خـەڵکی وا هـەبوون شکایەتیـان لە مـنیش کـردبوو، ئەگـەرچی من زۆر تەریک و

پەڕاوێزیش دەژیام و هامـوشۆی کـەسم نەدەکرد و برادەریشم نەبوو. مـاوەیەک پیاوە پیرەکە بێدەنگ بوو، پاشان هاتەوە ئاخاوتن و وتی:

ئێستا دەتوانین ئازادانەتر قسە بکەین، بەڵام دەمـوچاوەکان هـەر دەموچاوی کۆنەکانـە، ئەوانن دووبارە هاتوونەتەوە سـەر گـۆڕەپانی سیاسـەت، بۆیە هیچ گۆڕان نەبوو، هیچ رووی نەداوە، بولگاریای ئیمـڕۆ بوویتـە ئەسپـە تروادەکـەی رووسیا لە ناو یەکێتی ئەوروپادا.

***

## میللەتێکی گوێڕایەڵ

لە زانکۆی سۆفیا خوێندکارەکان هـەر ئەوەندیان هەبوو بیڵێن، ئەوان دەیانوت:

ئێـمـەی بولگار مـیللەتێکی بـەسـتـەزمـانین بەزوویی و بەئاسـانی دەسـتـەمـۆ دەکـرین. کـــوڕێکی تـر بەنـاوی ســلاڤ بیـتکرۆڤـی تەمــەن ٢٤ ســاڵ، ئـەویش هیواداربوو لە وڵاتەکەیاندا ڕێسا و سیستەمە دەوڵەییەکان، ئەوەی لە هـەموو وڵاتانی جیـهـان پەیڕەون جێبـەجێ بکرێت. دیان کاراجیـورجیـوی تەمـەن ٢٥ ساڵیش دەیوت، کێشە و گرفتەکەمان لەوەدایە چۆن دەوڵەت و ئیستخبـاراتی گشـتی لەگەڵ رووسـەکـان هـەڵسوکەوت بکەن، چونکە بەرژەوەنـدییـەکـان پێش هـەموو شتێکە.

من ئـەوەیان ســەرقـاڵم دەکـات کـە چۆن ســەرکـردەکـانی بولگار ئـەوانەی ســەرسـامـن بەرووسـەکـان، ئەوانەی لـە ژێر پاڵەپەسـتـۆیەکی ئابوورییـەکـان و سـازشە تایبـەتییـەکـان خول دەخـۆنەوە، ئەوانە چۆن هیـچ بـەرنـامە و بوارێکیـان نییە، هـەر هیـچ نەبێت رووبەڕووی ببنەوە بۆ خـولـقـاندنی هـاوکێشـەیەک لە نێوان خۆرهـەڵات و خـۆرئاوادا. نـازانم بۆچی یەکێتی ئەوروپی کـەمـتـەرخـەمـە لەوەی پاڵەپەسـتۆیەکی تونـد و دژوار بکات تا چاکسـازی مـەرجدار بکەن بۆ پێدانانی یارمــەتی و کــۆمــەکــەکــان کــە بەردەوام وەری دەگــرن؟ چونـکە هـەمــوو لایەک دەزانێت یـەکێـتی ئەوروپییـە کە یـارمـەتییـەکـانیـان پێشکێش دەکـات نەک

رووسەکان لە مۆسکۆ، نازانم بۆچی ئەو یەکێتییە قبووڵی کردووە بولگاریا و رۆمانیا بێنە ناو ئەو یەکێتییە، ئەو دوو وڵاتەیان چۆن بەئەندام وەرگرتووە...! بۆچی زووتر مەرجیان بۆ دانەناون؟ ئەو شکستانەش بۆ ئەوانە کە داوای دەوڵەتێکی هاوچەرخیش دەکەن وەک سزایەک ئەژمارد دەکرێت، هەروەها بۆ ئەوروپییەکانیش وەک سزایەک وایە کە بڕوایان بەئەندامکردنی وڵاتانی تریان بۆ یەکێتییەکەیان قبووڵ نەبێت. ئێمە بەهەنگاوی سست پێش دەکەوین، کە بنچینەکانی دیموکراسی و بەهاکانی ژیانە گشتی و ئابوورییەکەمان قەرز دەکەین لەو حاڵەتەدا شەرم دەکەین.

***

١٠

# رۆمانیا و تەلەڤزیۆنی واقیعی

سـەرهەڵدان و شـۆڕشـەکە لە ساڵی ١٩٨٩ لە بۆخارست بە لەسێدارەدانی سەرۆک شاوشیسکۆ و هاوسەرەکەی سەردەکەوێت، لێرە گەندەڵی باڵی کێشاوە بەسەر ئازادییەکانی رادەبڕیندا، دەزگاکانی راگەیاندن هەرگیز ناتوانن کار لەسەر بنچینەی گوڵبژێری هەواڵەکان بکەن. گایدێک لەگەڵ ژمارەیەک گەشتیار سەردانی چەند شوێنێکی دێرین دەکات، لەوێ ئەو پرسیاریان لێ دەکات:

ئەگەر ئێوە زیرەک و بەتوانان من لێتان دەپرسم، دەزانن چۆن کاتی خۆی ئەو مافوورە هاتووەتە ناو ئەو هۆڵە گەورەیە؟

مەسەلەکە زۆر نامۆیە کە کوڕە گەنجێکی رۆمانی قسەی لەسەر گەورەیی ئەو چرایە دەکرد کە چۆن گەیشتووەتە ئەو هۆڵە و چۆن هەڵواسراوە، یان باسی مەسەلەی زۆر بێ سوودی تری دەکرد، بەڵام پرسیاری زۆر هەستیارتر هەیە کە نایکات، زۆر بابەت لە ناو کۆشکی میللەت جێگەی رامانە و ئەوان نایپرسن، ئەو کۆشکەی لە بۆخارست بوویتە رەمزێکی شیزوفرینی فرەڕەهەند.

من نازانم بۆچی رۆمانیاییەکان شۆخیان بە شوێنێکی وا ڤالای بێسوود دێت، ئەو کۆشکەی کە دیکتاتۆر شاوشیسکۆ دروستی کردبوو، ئەوەی کە رۆمانیاییەکان رقی ئەستووریان لێیەتی؟ هەر لەبەرئەوەیە کە دەڵێن ئەو کۆشکە لە گەورەییدا پاش بنتاگۆن ژمارەی دووەمی بەردەکەوێت، یان مەبەستیان ئەوەیە بڵێن ئێمەش ئەوروپاین و بەشێک نین لە جیهانی

خـۆرهـەڵات؟ لێـرە لـە بۆخـارسـت رۆمـانیـاییـیـەکـان دەزانن چۆن خـۆیان لە ئەوروپاییەکان نزیک بکەنەوە، دەزانن ئەوروپاییەکان چ لەوان دەخوازن.

دەوڵەتی شازادە فلاد کوڕی دراکولا (شـەیتانەکە) پێش بیست ساڵ هەواڵی هەڵگیـرسـانی شـۆڕشـەکەی راگـەیاند هەمـوو لایەک مـەزنـدەی ئەوەیان دەکرد رەنگە لە تیـمیسـوارا کۆمەڵکوژییـەکی ترسناک روو بدات، بۆیەش دەزگاکـانی راگـەیاندنـی خـۆرئـاوا بەلەز گـەیشـتنە شـوێنەکـە تـا زوو و ورد هەواڵەکـان بگەیەنن.

***

## شەقامەکە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست

حزبی شـیوعیی رۆمانی دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان لایەنگیری گورباتشۆف بـوون لە مـــۆسکۆ، ئەوانـە بۆ ئـاژاوەنـانەوە چـەندین جـــەســـتـــە و لاشـــەی کوژراوەکانی ناو سـەلاجەی نەخۆشخانـەکان کۆ دەکەنەوە و جەستەکان لە ناو گـۆڕێکی بەکـۆمـەڵ دەنێـژنەوە، بەوەش بوار سـاز دەکـەن رۆمـانیـاییـیـەکـان توورەییـیـان لە سـەرۆکی رۆمـانیـا شـاوشـیـسکۆ ئەسـتـوور بێت و ئەو و هاوسەرەکەی بفەوتێنن، رەنگە ئەو کارەش کە وروژاندنی رۆمانیاییەکانی لێ دەکەوێتەوە و رەنگە دەستی دەزگای موخابەراتی سۆڤیەتی جاران کی بی جی تێـدا بووبێت. لەئەوروپای نـاوەڕاسـتـدا هەڵچوونی شـەقامـەکان و وەرگـرتنی دەسەڵاتەکان پێش بیست سـاڵ و پێش هەرەسی رژێمەکەی سـۆڤیـەت ئاسایی بووە، بەڵام لە رۆمـانیـا و بولگاریا شـیـوعیـیـەکان توانییـان بێنەوە پێشـەوە و خەڵکەکە بەرەو شـەقامـەکـان و سـەرهەڵدان هـان بدەن، رۆمـانیـاییـیـەکـان لە دادگـاییـیـەکی سـەرپێـیـدا سـەرۆک و ژنەکەیان لە بۆخـارسـت دادگـایی کـرد، شـاوشـیـسکۆ و هاوسـەرەکەی بەتاوانـی کۆمـەڵکوژییـەکەی تیـمـیـسـورا کـە دەزگاکانی راگەیاندن بۆ وروژاندن و هاندان کاری زۆریان بۆ کردبوو بڕیاری کـوشـتنیـان بـۆ دەردەکـات، بڕیارەکـەی دادگـاکـەش هـەر ئەو دەمـانە و زۆر بەخـێـرایی جـێـبـەجێ کـرا، بەوەش خـەڵکەکـە لە پاش ئەوەی بەدیمـەنی

قوربانییەکانی ناو شەقامەکان توورە بووبوون بەڵام بە لەسێدارەدانەکە هێمن و ئارام دەبنەوە. لە رۆمانیا دووبارە شیوعییەکان شۆڕشەکە لەسەر بەرنامە و ویستی خۆیان دادەڕێژنەوە، ئەوەش پاش ئەوە هات کە لە شێوەی ستالین و سەد دەرسەدی کارەکانی ئەو پاکسازیی دەکەن.

هاوڕێیەکان بۆ بەرز راگرتنی ئەو سەرهەڵدانە و لە یادی شەهیدەکانی ئەو رووداوانە پەیکەر و سونبلێک لە ناو جەرگەی بۆخارست بەرز دەکەنەوە، لەولاشەوە کرێکارەکان هان دەدەن بەڕووی نارەزایی و رێپێوانەکان بوەستن، بۆ روونکردنەوەی ئەو رووداوانەی ئەو رۆژگارە سەرنووسەری رۆژنامەی ئدیڤارول، کە ماناکەی راستییە ئوڤیدیو ناهوا دەبێژێت:

خەڵکەکە دڵیان خۆش بوو، چونکە شۆڕشەکە بەڕاستی شۆڕش بوو، بەڵام دەسەڵاتدارەکان رووپۆشییان دەکرد.

لە ساڵی یەکەم شۆڕشەکە لە رۆمانیا هیچ گۆڕان بەدی نەدەکرا، کەس نەیدەزانی چۆن لەو رەوشە ئازادە هەڵسوکەوت بکەن، چۆن خۆیان بگونجێنن، بەڵام کۆنە شیوعییەکان لەوەدا زیرەک بوون، زوو بوونە کەسانی سەرمایەدار، کەرتە پیشەسازییەکانیان لە ناو خۆیاندا دابەش کرد، بەوەش بوونە گەورە دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانی وڵاتەکە. پەیمانی ئەتڵەسی لە یۆگۆسلافیا لە ساڵی ١٩٩٩ دەروازەی کردنەوەی وڵاتی رۆمانیایان بەرەو یەکێتی ئەورووپی کردەوە، بەوەش سەرمایەگوزاری بێگانە رووی تێ دەکات و ئەو کەرتە ئابوورییە دەگەشێتەوە. بەو بەرنامەیە کە بۆ رۆمانیاییەکان زۆر چاوەڕواننەکراو بوو گەشەی ئابووری سەرهەڵبدات، بەپێی بۆچوونی زاناکانی ئەو کەرتە وا دەزانن نیوەی سەرمایەکانی وڵاتەکە دەکەوێتە ناو پایتەخت. ژوورنالیست کریستیان میتیتلو ئاماژەی بەوە داوە کەوا لە ناو دەزگاکانی حکوومەت گەندەڵی زۆر هەیە و هەموو کەرتەکانی گرتووتەوە.

ئەوانەی ئاگەداری رەوشی وڵاتەکەن دەڵێن لە ناو وڵاتی رۆمانیادا دوو وڵات بوونی راستەقینەیی هەیە، یەکەمیان رۆمانیا کۆنەکەیە، کە کارکەرە و گەشەدارەو دەکەوێتە باکوری وڵاتەکە و لەو بەشەدا چەندین کارگەی

بێگانەکان کارکەرن، بەڵام ناوەڕاستەکەی وڵات لەلایەن حکوومەتێکی لاواز و هەژارەوە بەڕێوەدەچێت، خەڵکەکەش زۆر هەژارن. کە من گەیشتمە بۆخارست وام دەزانی دە ساڵ گەڕامەتەوە دواوە، ئەوەشم لە وردەکارییەکانی رەوشەکە هەست پێ کرد، رۆمانیا لەچاو وڵاتانی تری ئەورووپای ناوەڕاستی هاوسێیەکانی زۆر دواکەوتووە، بۆیەش وا باشە لەو سەردەمەدا کە سەدەی بیست و یەکە دەبێ لەبەر رۆشناییی کولتووری ئابووری و پاش رووخانەکەی رژێمی شاوشیسکۆدا ئەوەی چارەکە سەدەیەک میللەتەکەی سڕ کردبوو، بایەخ بەچەمکی ئازادییەکان بدەن و هەڵوەستەی لەسەر بکەن.

حکوومەت پارەی قەرز کردووە و ئۆتۆمۆبێلی جۆری رینۆ کە لە کۆمپانیاکەی رۆمانیا دروست کراوە کڕیوە، ئەوەی بەرچاوە کەوا رۆمانیاییەکان پێشبڕکێ لەگەڵ زەمەندا دەکەن بۆ دامەزراندنی مەڵبەندێکی بازرگانی، بەپێی ئامارەکان دیارە کەوا ساڵانە ٣٠٠ مەڵبەندی گەورەی بازرگانی لەو وڵاتەدا دەکرێتەوە. هەر لەو رەوشە نوێیەدا هەست دەکەین کەناڵە لۆکالییەکانی تەلەڤزیۆن زۆر دەبێت، تێدا ئاکاری کیژە قژزەردەکان بەزۆری دەردەچن، لە رۆمانیاش وەک وڵاتانی تری ئەورووپای ناوەڕاست سەرمایەداری وەک گوێزی هیندی بەسەر خەڵکەکە بەردەبێتەوە، ئەوەشیان لە زۆربوونی کەناڵە لۆکالییەکانی تەلڤزیۆنەوە دەست پێ دەکات. ئەنیکا بودینسکی بەڕێوەبەری بەرنامەی بروتی ڤیی لڤی رۆمانیاییە لە کۆمەڵەی کالیفۆرنی یورویپین میدیا کە لە حەوت وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاستدا ٩٧ ملیۆن بینەریان هەیە، ئەو ژنە دەڵێت:

هەموو کەس حەزیان لە بەرنامەکانمانە، ئەوەی ئێمە پێشکێشیان دەکەین هەرگیز لە ژیانیاندا نەیاندیوە، ئێمە بەوەیان توانیمان دووەم شۆڕش بتەقێنینەوە و شۆڕشەکەشمان راستەقینەیە. ئەنیکا دەڵێت پێشکێشکردنی هەواڵەکان لەلای ئێمە گرینگە، بۆ نموونە لە هەواڵی هەڵگرتنەوە و پەروەردەکردنی منداڵێک لەلایەن ژنێکەوە دەستی پێ دەکات، بۆیە منیش وەڵامی ژنەکەم دایەوە کەوا ئێوەی رۆمانی بەپێش ئێمەی فەرەنسی کەوتن،

چونکە ئێمە هێشتا تەلەڤزیۆنی واقیعمان نییە.

پاش ئەو سەردانەم بۆ تەلەڤزیۆنەکە سەردانی ڕۆژنامەی کلیکم کرد، لەوێ سەرنووسەرەکەم کریستیان ستاتکام بینی، ژمارەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە پێش سێ ساڵ دەرچووە و ئێستاش ڕۆژانە ٥٣٠ هەزار دانەی لێ چاپ دەبێت. کە کلیک سەبارەت بەئابووری قسە بۆ خوێنەرەکانی دەکات، پێیان دەڵێت چۆن دەکارن بەبیست یۆرۆ کاڵایەک بکڕن، یان هەواڵی ئەوەیان چۆن پێ بڵێم ئەگەر خوێندکارێک لەبەر خۆشەویستی مامۆستاکەیەوە خۆی دەکوژێت. کریستیان دەڵێت:

ڕۆژنامەکە بایەخ بەهەموو شتە عاتیفییەکان دەدات ئەگەر هەڵچوون و کاردانەوە هەبێت. ڕۆژنامەکانی تابلوید لە وڵاتانی ڕۆمانیا و کۆماری شیکیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا وەک یەکە، بەڵام لێرە هەستم کرد لە نێوان ڕۆژنامە بابەتییەکان و میللییەکان نێوانێکی بەرین هەیە، هەروەها سەبارەت بەتەلەڤزیۆنە لۆکالییەکانیش هەمان بابەت هەیە. لە ڕۆمانیا ڕۆژنامەنووسێکم بەناوی جوزیج مارتن بینی، ئەو وتی:

من ویستم ڕۆژنامەیەکی ئاراستەکراو بۆ چینی ناوەندیی ناو کۆمەڵەکەمان دەربکەم، بەڵام کە دراسەتم کرد و سەیری بازاڕم کرد، ئەو توێژەی کە من مەبەستمە و دەمەوێ ڕووبەڕوو بۆیان بنووسم لە واقیعدا بوونیان نییە. ئەوەش خاڵێکی بنەڕەتی و جەوهەرییە، لە وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا چینە ناوەندەکەی کۆمەڵ لە مامۆستاکان و ئەندازیارەکان پێک هاتووە، لە ناو ئەوانەدا کەسانی دەوڵەمەندیان نییە، بەڵام ئەوانە کەسانی ڕۆشنفکرن و بەڕووی جیهاندا کراوەن. شیوعییەت ئەو چینەی لە وڵاتانی ئەورووپای ناوەڕاست ڕەش کردیتەوە، بۆیەش دەیان هەزار کەسانی خاوەن بڕوانامەی باڵا لە ڕۆمانیا و هەنگاریا لە وڵاتەکەیاندا ڕادەکەن و بۆ دۆزینەوەی داهاتوویەکی پرشنگدار کۆچ دەکەن و ڕوو لە وڵاتانی تر دەکەن. ئەگەرچی لە بۆخارست بیست ساڵ بەسەر شۆڕشەکە ڕابردووە، بەڵام هێشتا سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان و ئابوورییەکە و بەرنامە سەرمایەگوزارییەکان هیچ

لێکدانەوەیان بۆ ئەو ڕەوشە و پێشهاتەکان دیار نەکردووە، بۆیەش ناکرێ نەتەوەکان بەکەسانی داوەشاو و ڕووخا و بنیات بنرێت.

***

کۆتایی

# لیوبلیانا بەڕاستی شارێکی ئەوروپییە

کە سلۆڤینیا دەبێتە ئەندام لە ناو یەکێتی ئەوروپی، ئەو دەوڵەتە سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێت، ئەگەرچی ئەوروپا و یەکێتییەکە هەموو خەون و بەرنامەکانی ئەو دەوڵەتانەی جەمسەری خۆرهەڵاتی جارانیان نەدەهێنایە دی. زۆر کەس لە دیمانە دەوڵییەکان کە لە واشنتۆن و مۆسکۆ دەگیرا گاڵتەیان بەڕەوشی ئەو کیشوەرە پیرە دەهات، ئەوروپا وا دیاربوو کەوا بوویتە یانەیەک بۆ کەسە بوێرەکان، کراوەتە فیدراڵییەک بۆ کەسە خۆرپەرستە نیشتمانپەروەرەکان. کیشوەرەکە ئەستوور و نیگەران بووبوو، بەهێواشی پێش دەکەوت و مێژووەکەی وەستابوو، بایەخی بەکەسی تر نەدەدا، ئەوەش پاش ئەوە هات کە لە ئەنجامی شۆڕشە هەمەڕەنگەکانی یەکێتییە جوگرافییەکەی شێوازێکی نەگۆڕی وەرگرتبوو.

لە سەردانەکەم بۆ پایتەختی سلۆڤینیا بینیم لیوبلیانا شارێکی گەشتیارییە و دیکۆرەکان زیندوون و بازاڕەکانی رووناکن، رووکارەکەی جوانە و گەڕەکەکان و کۆگاکان و مناڵەکانی کە لەسەر شۆستەکاندا دەمبینین، نیشانەی رازیبوونیان پێوە دیاربوو. سلۆڤینیا بەسەرژمێرییە دوو ملیۆنییەکەی زۆر بەئارامی و بەڕەوشێکی سروشتی دەبێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی، راستە ئەگەر بڵێین پرۆسەی چاندنی ئۆرگانەکە بەسەرکەتوویی ئەنجام درا، دیارە تەنیا ئەو دوو دەڵەوتەیە کە توانییان بەسەرکەوتوویی بگەنە ناو کاروانی ئەوروپای خۆرئاوا ئەستونیا لە باکوری کیشوەرەکە و سلۆڤینیاش لە باشوورەکەی.

من دەپرسم بۆچی ئەو نایەکسانی و نادادوەرییە لەو وڵاتانەی من سەردانم

کردن بەو بیست ساڵە وا بەو شێوەیە رەگی داکوتاوە؟ بۆچی پۆڵۆنییەکان توانییان پێش بکەون، بەڵام رۆمانییەکان ئەوە نیو سەدەیە کۆششەکان بۆ پێگەیشتنیان بەردەوامە؟ دیارە مەسەلەکە پێوەستە بەمەزاجی ئەو دەوڵەتانە و رێژەی ئەو یارمەتییە مادییانەی دەستیان دەکەوێت. دیارە کەوا ئەڵمانیای خۆرهەڵات سوودی لەو دوو ملیارە بینیوە کە لە بەرلین دەستی کەوتبوو تا یەکگرتنەکەیان سەری گرتووە، هەندێ لەو دەوڵەتانەش سوودیان لە کۆمەکی سەندووقی بروکسل وەرگرتووە، کەوا دەستەیەک لە خۆرئاوا بەردەوام پشتیوانییە مادییەکانیان دوا نەخستووە و بەردەوام یارمەتییەکانیان دیار و بەرچاو بووە.

***

مەرج نییە لە هەموو پرۆسە و پێشهاتێکدا پارە هەموو شتێک بێت، مەسەلەکە لەوە دوورترە، زۆردارە شیوعییەکان هەموو شتەکانی ئەو خەڵکەیان هەپروون بەهەپروون کردبوو، لە زۆر لەو وڵاتانە لەبەر سیاسەتە ئابوورییە نادروستەکان، مادییەت نەیتوانی زۆر لە کێشە و کارەساتەکان چارەسەر بکات و ببێتە بەربەستێک بۆ روونەدانیان. دیارە کەوا ئابووری بازارەکان و دیموکراسییەت سوودی نابێت بۆ پەیداکردنی دەرخستەی باش ئەگەر تاکەکان دروست فێر نەکرێن و بنچینەکانی رێساکان تێ نەگەن.

لە ریگا پروفیسۆر جوریس زاگار سەبارەت بەو بابەتە پێی وتم:

ئێمە وەک تووتی وابووین، کە دەرگەی قەفەسەکەیان بۆ دەکردینەوە، دەفڕێن و لە خۆشییا هاوارمان لێ هەڵدەستا، بۆیەش نەمدەزانی چ بکەین، بۆمان نەدەکرا پێویستییەکانی رۆژانەمان لە خواردەمەنی پەیدا بکەین، ئێمە دەستەوەستان بووین. بەو شێوەیە ئەوروپییەکانی خۆرهەڵات ئەوانەی زۆر بەئەمەریکا و جۆرج بۆش و لیبرالییە نوێیەکان سەرسام بوون باجی زۆر دەدەن، ئەو رەوشە خەڵکێکی زۆری لە برسان بەردایەوە، بزنسمان و بانکەکانی خۆرئاوا توێژێکی زۆریان لە ئەورووپای ناوەڕاست دارمانند، خەڵکەکە پارەی زۆری یۆرۆ و فرنکی سویسرییان لەو بانکانە قەرز کرد، کە

ماوەی گەڕاندنەوە و دانی فاتوورەکان داهات کارەساتی گەورەی لێ کەوتەوە. ئەوەی سەرقاڵمان دەکات و دیارە کەوا هاوچەرخیەتی لە جیهانی کارکردن و هەندێ مەڵبەندی هەڵبژاردن کەوتووەتە نێوان کراکۆفی لە پۆڵۆنیا و برنو لە شیکیا، بەڵام لە دەرەوەی ئەو شوێنانەوە توێژی ناوەڕاست دیار نییە، ئەوانە زووتر بەدەستی شیوعییەکان لەناو چووبوون، ئەوەی بەرچاو و دیاربوو تەنیا چینێکی نیمچە کرێکار هەبوون، ئەوانەش بەکولەمەرگی و بەبرسیەتی گوزەرانیان دەکرد.

***

## چۆن دەژیان؟

پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئەو ئەوروپاییانە چۆن دەژین؟ ئەوان لەسەر بڕیارەکانی خۆیان سوور و گەرمن، دیارە کەوا بیر لە ڕۆژانەکانی خۆیان دەکەنەوە و بەس، لە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنیش سەیری هەواڵە نوێیەکان دەکەن. ئەو وڵاتانە بریتین لە چەندین دەستەی خانەنشینکراو، ئەو شوێنانەی خەڵکەکەی تێدا دەژین ناوچەیەکی لادێیە و بوونەتە دەفرێکی گەورە بۆ هەڵبژاردنەکان، سیاسەتمەدارەکانیش بەپێشنیازە دیماگۆگییەکانیان چەواشەیان دەکەن، لە پۆڵۆنیا و هەنگاریا و کۆماری شیکیاش بەسیمایەکی ڕەگەزیی دەردەکەون. کە یەکێتی و هاوشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپی نەبێت هەموو ئەوروپا باجەکەی دەدات، دیارە کەوا هاووڵاتییانی ئەوروپای ناوەڕاست بەکۆمەڵ کۆچ دەکەن، زۆری نەماوە وڵاتەکان ڤالابن، گەنجەکان بۆ کارکردن ڕوو لە فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەسپانیا و بەریتانیا دەکەن، خاوەن بڕوانامەکان بەناچاری لە نەخۆشخانەکانی وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا دوکتۆری و کاری پەرستیاری دەکەن. دیاردەی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەوروپا بەزۆری هەستی پێ دەکرێت، ڕێژەکەش دەگاتە بیست ملیۆن کەس، وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست لەبەر ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە ناڵەبارەیە زۆر کۆچ دەکەن، ئاستی ئابوورییەکانیان

واهێدی هێدی بەئاستی مووچەی هاووڵاتییەکانییەوە دەبەسترێتەوە کە لە دەرەوە دەستیان دەکەوێت، ئەو داهاتەش لەچاو داهات و دەستکەوتی ناوەوەی وڵاتەکان بەرزترە. کە کارگەکانی ئۆتۆمۆبێل دروستکردن زۆر روویان لەو وڵاتانە کردووە، خەڵکێک زۆر روویان لەو کارگانە کردووە، بەڵام ئەوەی دروستە و ئاشکرا بووە کەوا ئەو ژێرخانە ئابوورییەش بۆ ئەو وڵاتانە ساز دەبن، لەسەر حیسابی ئەو کۆمەک و سەرمایەگوزاریانەیە کە یەکێتی ئەورووپی پێشکێشیان دەکات، بۆیە دەربازبوونی ئەو کارگانە بۆ دەرەوەی ئەورووپای خۆرئاوا زیانی لەسەر ئابوورییەکەیان نییە، بەڵام پرۆسەی کۆمەککردنەکەی بروکسل ئێستا زۆر زەحمەت و ئاڵۆز بووە، ئەوەی زۆرتر چاوی لە ئەورووپا بوو، وا بەپێچەوانەوە رقیان لەو یەکێتییە.

***

## شێوازەکەی پوتین

خەڵکە دەستبژێرەکە لە هەنگاریا دەڵێن وڵاتەکەمان لەسەر شێوازی پوتین بەڕێوە دەچێت، چونکە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە ناو وڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵات ماوە، ماوە و بەشێوازی تر دروست دەبێتەوە و سەرهەڵدەداتەوە. ئیمڕۆ ئەورووپا وەک خەونێکی چاوەڕوان نەماوە، هەتا ئەو وڵاتانەی کۆشش دەکەن ببنە ئەندامی یەکێتییەکەش، بۆ نموونە زۆربەی کرواتیاییەکان دژی ئەندامبوونی وڵاتەکەیانن لەو یەکێتییەدا. ئەگەر ورد بچیتە ناو ناخی ئەورووپاییەکانی خۆرهەڵات دەردەکەوێت ئەوان بەراز و باخچە گچکەکانی خۆیان دەوێتەوە، دەیانەوێ بگەڕێنەوە هەمان داوونەریتەکانیان کەوا خەریکە هەڵدەوەرێت و دەسەڵاتیان بەسەردا نەماوە.


ئەوەی گرینگە دەبێ ئێمە وەک ئەورووپاییە خۆرئاواییەکان بیزانین ئەوەیە کەوا براکانمان لە ئەورووپای خۆرهەڵات لە ئەستێرەیەکی تر و لە مێژوویەکی ترەوە هاتوون. لەو ریپۆرتاژەی لەو چەند رۆژەی رابردوو سازم کردبوو تێگەیشتم لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاواکە چەند دواکەوتن هەیە، بەوەش

تووشی شۆک هاتم، ئەگەر باس لە مێژوو بکەین دیارە کەوا مێژوویەک نێوانمان دەکات و لە یەکتریمان دوور دەکاتەوە. لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا هاووڵاتیاییەکانمان باس لە ئینتیمای چەپ و راست و رەوتی لیبرال و پارێزگار یان دیموکراسی و کۆماری ناکەن، ئەوانەی ئەو قسانەش دەکەن، یان بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە کەسانی توندڕەون، هەموو ئەڵمانەکان، فەڕەنسییەکان و ئەمەریکاییەکانیش، بەهەموو بۆچوون و ئینتیما سیاسییەکانیانەوە یەک مێژوویان هەیە و ئەو مێژووەش بووەتە هاوبەشی هەموویان، ئەوەیە مێژوو، واتە میژووەکەی ئێمە، کە بەیەکترمان دەبەستێتەوە، وەک چۆن زانای کۆمەڵناسی دالف داهروندورف دەبێژێت: میللەتە بەختیارەکان، ئەو میللەتە رابردوویان ئاشتەواییە و باس لەهاتووش دەکەن. مەسەلەکان لە وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست ساخ نەبوویتەوە، هێشتا هاووڵاتییانی وڵاتانی بالتیک دوو مێژووی جیاوازیان هەیە، لە دوو ڕەچەڵەکەوە پەیدا بوون، خەڵکە رەسەنەکەی بالتیک و خەڵکە بەڕەچەڵەک رووسەکە.

لە رۆمانیا، بەڵام بولگاریا بەڕادەیەکی کەمتر لە ساڵی ١٩٨٩ شۆڕش نەبوو، ئەوەی کراوە شیوعییەکان سوودیان لە ئەزموونەکەی گورباتشۆف بینیووە، مەسەلەکەش رووداوێکی سادە بوو، بەڵام لە پۆڵۆنیا و کۆماری شیکیا و سلۆڤاکیا و لیتوانیا و ئەستونیا و لاتڤیا بەرەو پێشەوەچوون بەرچاوە، بەڵام هێشتا لە رابردوو دوور ناکەونەوە و لە پێناوی ئەوەشە لە هەموو شوێنێکدا پلە و پایە دادەنێن. ئێمە لە ئەوروپا لە ناو دوو مێژوودا دەژین، کە لەو رۆژگارەدا هیچ خەونیان پێ نییە، بۆیە دەبێ هەموومان داوا بکەین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی ئەوروپی ریفراندۆمێکی گشتی ساز بکەین، بەوەش دەتوانین مێژوویەکی هاوبەش بۆ خۆمان دابنین و چەند هەنگاوێک دەچینە پێشەوە و دەبێ دان بەوەدا بنێن کەوا مێژوومان کۆتایی نەهاتووە.

لە رۆژنامەی ئەلقەبەسی کوێتی لە رۆژانی ٧ تا ١٥ ینایری ساڵی ٢٠١٠ بڵاو بوویتەوە کە لە لوفیگارۆوە وەرگیراوە.


المانيا
بولونيا
ليبيري
براغ
اوسترافا
بلزن
اولومويس
جمهورية التشيك
برنو
اوسترليز
النمسا
100 km




75 km
جمهورية التشيك
سلوفاكيا
ميسكولك
بودابست
النمسا
هنغاريا
بيك
رومانيا
كرواتيا
صربيا


بحر البلطيق
روسيا
ليتوانيا
غدانسك
روسيا البيضاء
وارسو
ستيتين
المانيا
بولونيا
اوكرانيا
اكراكوف
التشيك
سلوفاكيا
200 km



ڕەمزی سوپای سووری سۆڤیەتی لە ئەورووپای خۆرهەڵات.





ئيستۆنيا



یەکێک لە کۆشکەکانی شاری بەرلین



وارشۆ



قەڵایەکی دێرین لە لیتوانیا